یادنامە
YADNAMA

ئامانجمان لە دەرکردنی ئەم بڵاوکراوەیە نوسینەوەی ڕوی ڕاستی ڕوداو و یادنامەکانە، بە مەبەستی سود گەیاندن بە مێژوی دێرینەی گەل و نیشتمانەکەمان، بەڵام بێجگە لە سەروتار، هەر بابەت و نوسین و هەواڵێك، کە بڵاو ئەکرێتەوە، سەرپەرشتیاری ئەم بڵاوکراوەیە لێ‌ی بەرپرسیار نییە.

ژمارەی ٤٠ی ئەیلول ٢٠٢٢ | بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ دەرئەچێ | No.40.September 2022

## قوربانیانی هاتوچۆ و لە دەستدانی سەرچاوەی مرۆیی

**یادننامە**

ڕێگاو بان لە هەرێم ئەگەر چی بە پێی ئەو داهاتەی کە هەیە کاری بۆ دەکرێت بەڵام هێشتا ئامارەکانی قوربانیانی هاتوچۆ نەگەیشتوەتە ئاستێک کە بتوانێت زەرەرەکانی هەمەلایەنی کەم بکاتەوە ، خۆ ئەگەر بە دیدێکی ژمێریاریانە دراسەی بۆ بکەین ئەوا ئەو تێچوەی کە لە قوربانیانی هاتوچۆدا خەرج دەکرێت ، هەر ئەو بڕە تێچوە لە هاتوچۆ و ڕێگاوباندا خەرج بکرێت ئەوا دەتوانرێت ئەو ڕێگایانەی کە زۆرترین قوربانی هاتوچۆی لێدەکەوێتەوە چاک بکرێت یان بکرێنە دوسایت ، بە نمونە لە پێنج مانگی ساڵی ٢٠٢١ دا ٢١٦ کەس گیانیان لەدەست داوە کە ئەم گیان لەدەستدانە ئەم کێشانە بە دوای خۆیدا دەهێنێ :

1. لە دەستدانی تواناى مرۆیی .
2. ئەگەر قوربانیەکە باوک یان دایک بێت ئەوا منداڵەکانی بێ سەرچاوەی داهات و بەخێوکردن دەبن دەبێت حکومەت کێسەکانیان چارەسەر بکات بە تێچویەک .
3. دەبێتە هۆی بارگرانی ئابوری و کۆمەڵایەتی بۆ خێزانێک .

ئەو بریندارانەش کە هەر لەم پێنج مانگەدا ڕویداوە بریتیە لە ٢٦٧٠ کەس ، کە ئەم کێشانە بە دوای خۆیدا دەهێنێ :

1. کەمئەندامبونی ڕێژەیەکیان کە دەبێت حکومەت موچەی خاوەن پێداویستی تایبەتیان بۆ دابین بکات .
2. لە کاتی برینداربونیاندا دەبێت نەخۆشخانەکان چارەسەری بکەن کە ئەمەش تێچویەکی دەوێت .

بەدەر لەو زەرەر و ئەو زیانانەی کە ماددی و کە ساڵانە بڕیکی زۆر خەڵکی لە سەیارە و ڕێگا و بان زەرەر دەکات کە ئەمەش بڕی داهاتی گشتی ساڵانەی هەرێم کەمدەکاتەوە .

ئەگەر چی بەردەوام شارەوانیەکان و ئاوەدانکردنەوە و هاتوچۆ کاری لەسەر دەکەن بەڵام بۆ ئەوەی هەم قوربانیانی هاتوچۆ کەمبێتەوە هەم بڕی خەرجی گشتی و زەرەری خەڵکی کەمبێتەوە دەبێت حکومەت لە بودجەی ساڵانەی پارەی زیاتر بۆ ئاوەدانکردنەوە بە تایبەت ڕێگا و بان و شارەوانیەکان و ڕێنماییەکانی هاتوچۆ دابین بکات ، چونکە لە گشتدا کە ئەم پارەیە دابین بکرێت ئەوا قوربانیان کەم دبێتەوە زەرەرەکانی هاتوچۆ و خەرجیە گشتیەکان کەم دبێتەوە .




## ژینا سمبولی ئازادی

ژیان بۆ ئێوە ڕام ناکرێ ، چەند زیندانەکانتان گەورە بێت ، بیری ئازادی فراوانتر دەبێت ، تا خوێنی ژیناکان زۆرتر بێ بیری ئازادی باڵا تر دەکات ، یادننامە لە پەڕەی سەروەریدا وەک پەیکەرێکی نەمر لە ژورەکانی مێژودا ژینا وەک سمبولی ئازادی دادەنێت.



شێرکۆ بێکەس
تاران پەچەی بە درەخت گرتەوە
عەبای دا بەسەر ئاوا و
جبەی کردە بەر جادە
عەمامەی کردە سەری باخچە بەزۆر
ڕیشی بەگۆرانی هێشتەوە
کراسی عاشوورای کردە بەر شیعر و
مۆسیقای بێوەژن کرد و
ژیانی کرد بەپرسە

تاران بەدەم کەسەوە پێناکەنێ
بەدەم مەرگەوە نەبێ
ئەو خۆشی لە هیچ نابینێ
لە مەرگ نەبێ
ژنی ئەو ، کوڕی ئەو ، کچی ئەو
هەموویان ناویان مەرگەو
ئەوەی لەوێ لەدایک نابێت ژیانە.


ڕاستی ڕووداوەکان ... ل٢
ڕاپەڕینی شەپۆلی شەقامی شار ... ل٣
سێدارە ... ل٤
بۆ پێی دەوترێت "دارە سووتاوەکە ... ل٦
نائیلە خان یەکەمین ژنی کورد بوو کە مزگەوتێکی دروستکرد ... ل٧
بەسەرکردنەوەی شەهیدان ... ل٨
رووسوورەکانی مێژوو ... ل٩
ولیەم یوحەنا ...ل١٠
گرنگی و بایەخی شوێنەوارەکان ... ل١٤
فرایزەر ... ل١٥
خەسرەو محەمەد ... ل١٧
ئێران لە نێوان خۆپیشاندانەکان و وڵاتانی دژدا ... ل١٩
فەرشی سوور ... ل٢٠
باوک ... ل٢١
خوێندنەوەیەك بۆ ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ... ل٢٢
مێژوی دوانزە سوارەی مەریوان ... ل٢٣

# ڕاستی ڕووداوەکان

## شەشەم/ ڕاست گۆیی و قسە لە ڕووییەوە

سالّی 1984

شوێن: مێرگە پان

کۆنفرانسی سێیی کۆمەڵە بوو، ڕۆژانە لەگەڵ کاکە نەوە دەڕۆشتینە ئەوێ، هەندێ شەویش لەوێ دەماینەوە، لە ڕاستیدا دووپشکی زۆری لێ بوو، بۆیە من لە ترسی دوپشک لە ئۆتۆمۆبیلەکەدا دەخەوتم، ئەو لە ناو چادرێکدا بە تەنها دەخەوت ، گەر میوانی هەبوایە لەناو سەیارەکەش بوومایە گویم لە قسەکانیان دەبوو ( برایانی شار بەردەوام لای بوون ) .

نیوە ڕۆژێکیان لە کۆنفرانسەکە دانا بۆ بەرێز مام جەلال .

بە کۆمەڵێ کتێبەوە هاتە کۆنفرانس، چەند کاتژمێرێک وتاری پێشکەش کرد، لە زۆربابەتی هونوکەیی و فکری و مێژووی دوا.

دواجار وەک گلەیی لە هاوڕێیانی کۆمەڵە، کە بە ناحەق و بێ بنەما قسەدەکەن بەرامبەر خۆیی و کاکە نەوە .

فەرمووی: بیستومە کە دەڵێن کاکە نەوە جەلالییە.

ئێستە بۆتان دەسەلمێنم کە ئەوە وانییە... بەڵگەم هەیەو کاکە نەوە خۆی ئامادەیە.

کاک نەوشیروان هەر ڕۆژەی لە جێگایەک دادەنیشت.

مام فەرمووی: کاکە نەوە لە کوێیت..؟

لەناو برادەراندا ڕاست بویەوە و ووتی: لێرەم مام جەلال.

مام پرسی.

سوێندت دەدەم بە خوێنی شەهیدان کە ڕاست وەڵامم بدەیتەوە تا هەموان گوێ بیست بن.

کاکە نەوە. وەڵا مام جەلال بەڕاستی وەڵام دەدەمەوە.

مام: لەوەتەی من و تۆ پێکەوە کار دەکەین، من چەند بڕیارم داوە و تۆ پێت باش نەبووە و ڕەتت کردۆتەوە.

کاکە نەوە... پاش کەمێ وەستان وبە زەردەخەنەیەکەوە، وەڵا مام جەلال هەر زۆر زۆر بیرم نایەت چەند بوبێت.

مام جەلال.. دەیی باش تۆ چەند بڕیارت داوە و من ڕەتم کردبێتەوە. دوبارە بە پێکەنینەوە: ....... وەڵا پێم شک نایەت هەرگیز لە بڕیارێکی مندا دژم بوبیت یان بە دڵت نەبوبێت یان رەتت کردبێتەوە.

مام جەلال فەرموی: دەی کوڕینە کاکە نەوە جەلالییە یان من نەوشیروانییم؟!

پێکەنینێک لە هەمووانەوە بەرز بۆوە.

کاکە نەوە هەرگیز ناڕاستی قبوڵ نەبووە و قسەی خۆی هەبووە لەسەر هەر شتێک ، نە شەرمی کردوە و نە لەڕوودا داماوە تا ڕێگر بن لە ووتنی ڕاستیەکان .

لەبارەی ئاکاری ڕاست گۆیی و قسە لە ڕوویی ئەو پیاوەوە سەدان نمونە و بەسەرهاتم لایە، ئەم هەڵوێستە هەر چەندە لەڕواڵەتدا وەک ڕەفتاریی کە سێتی نێوان دوو سەرکردە لەگەڵ یەک دیارە بەڵام لە ناوەڕۆکدا ڕاستەوخۆ لەلایەک چارەسەری یەک ڕیزیی و دوورخستنەوەی بوو لە دەستە گەرێتی کە خەمیی هەردووکیان بوو ، لەلایەکی دیکەشەوە ئەو ڕاست گۆیی و قسە لە ڕوییەی ئەوی نیشاندەدا کە خەسڵەتی کە سێتیی ئەو خاوەنی بوو.

ئەمەش ئەو ڕاست گۆیی پابەند بوونەی بە پرنسیپەکانی گییانی شۆڕشگێڕێتییەوە دەسەلماند کە ئەو بۆ هەر یەک لە ئێمە دەی خواست هەبن.

نەورۆز زڕگوێزی




# ڕاستی ڕووداوەکان

## حەوتەم / سادەیی

سالّی 1984

شوێن / دۆڵی مەرگە ..

بەردەوام جل و بەرگی سادە بوو، خواردن و ژیانی کەمتر نەبوبێت لە چواردەورەکەی زیاتر نەبووە، زۆر گرنگی بە ڕوخسار و جلوبەرگی نەدەدا .

کەوتبووە بەر ڕەخنەی زۆر کەس و دەیان گوت جوان نییە کاک نەوشیروان بەو جۆرە دەردەکەوێت .

دەستێ قوماشی شاڵی شینیان بۆ هێنا و دواتر بۆیان دووری( دلسۆزێک پێشکەشی کرد ) ، ئێمەش خۆشحاڵ بووین بە جلە تازەکانی ، هەر لامان خۆش بوو بە بەرگێکی ترەوە دەرکەوێت .


هەر بۆ خۆشی و گەران لەگەڵ کۆمەڵێک برادەری بارەگاکەی چووین بۆ گەران لە کانی توو و کۆمەڵێک وێنەشمان گرت ( وێنەکانم لایە ).

بەڵام وای لێهات بەردەوام لە بەریدا بوو، ڕۆژ و شەوی بۆ نەبوو، ئەمە وایکرد ئاواتە خواز بووین فرێی بدات و نەیبینینەوە .

ئەوەنە چڵکن و چرچ ببوو، زۆر ناشرین دەردەکەوت.

باڵەکانی تا دواوە هەڵدڕابوو، زیاتر لە پیاوێکی هەژارو ماندوو دەچوو وەک لەوەی لە سەرکردەیەک بچێت، ئەم سادەیی دەرکەوتنە لەودا جگەلەوەی کە خۆجیانەکردنەوەی ئەوی تێدابوو لە هاوڕێ و هەڤاڵەکانی لە هەمان کاتیشدا ئەوەی دەنواند کە ئەم شۆڕشە شۆڕشی هەژاران و چەوساوەکانی گەلێکی بێ پشت و پەنای خاوەن نیشتمانێکی پەرت کراوەو حاڵ و گوزەرانی لە حاڵ و گوزەرانی ئەو باشتر نییەو ناخوازێت لەو باشتر بێت.

نەورۆز زرگوێزی






# راپەڕینی شەپۆلی  شەقامی شار ...



92 ساڵ لەمەو بەر ، یەکەمین راپەڕینی شەپۆلی شەقامی شار ی سلێمانی ، لە هەموو چین و توێژینەوەکان ، ژن ،پیاو منداڵ ورۆشنبیر و کاسبکار و مامۆستا و خوێندکاربە گیانێکی پڕلە تەحەدای بەرگرییەوە ، لە بەردەرکی سلێمانی،بە یەک دەنگ و بە یەک هەڵوێست دژ بە ئینگلیزەکان وسیبەرەکانیان وەستانەوە و راپەڕین .

بەریتانیا بە پێی نەخشەو بەرنامەیەکی دیاریکراو ، پێش ئەوەی عێراق بکەن بە ئەندامی (عصبە الامم)،ویستیان پەیمانێک لە نێوان عێراق و بەریتانیا مۆر بکەن ، بۆ کۆنترۆڵی بەردەوامی دەسەلاتیان و مانەوەیان لە عێراق ، بۆ بەتاڵان بردنی نەوت و هەڵسوڕاندنی کۆمپانیا کانیان .

گەلی عێراق وحیزبە سیاسییەکان و رۆشنبیران و کەسێتییە دیارەکان بە نهێنی و بە ئاشکرا دژی ئەو پیلانە وەستانەوە ،بەریتانیا هەموو توانای خۆی خستە گەر ،بۆ مۆرکردنی ئەو پلانە و کردی بە مەرجێکی بنەڕەتی ، بۆ وەگرتنی عێراق لە (عصبە الامم )، بەرنامەکەی سەپاند بەسەر سیاسەتمەداران و کاربەدە ستانی عێراق ، گە ر ئەوپەیمانە لە پەرلەمانی عێراق مۆر نەکرێ، عێراق ناخرێتە ناو (عصبە الامم )، لەوانەیە ولایەتی موسڵ ی لە سەر لابرێت .

ئینگلیزەکان لە و باروودۆخە ئاڵۆزە وملململانیانەدا، توانیان مەبەستەکەی خۆیان بسەپێنن ، کاربەدەستە نەتەوە پەرستە عەرەبەکانیش ناچار بکەن ، بەرامبەر ئەو پەیمانە بێ دەنگ بن ، ئەو پەیمانە لە 30 / 6 / 1930نوێ کرایەوە ، بەڵام لە تۆمارە مۆرکراوە وقبوڵکراوەکەی عێراق دا ،لە (عصبە الامم ) ، بە هیچ شێوەیەک باسی مافە سەرەتاییەکانی کورد نەخرابوە روو ، ئەو سەردەمە زۆر لە نەتەوکانی دنیا ، لە ناو خاکی خۆیاندا ، بە مافی چارەنووسی خۆیان گەیشتن.

گەلی کورد بە هەموو چین و توێژەکانەوە ، بە یەک دەنگ وبە یەک هەڵوێست و رای گشتی ، بەرامبەر ئەو پەیمانە وەستانەوە ، بە بەرزکردنەوەی سکاڵا وبیاداشت ،تەلگراف بۆ(عصبە الامم )و ناردنی نامە ی تایبەت بۆ مەندوبی سامی بەریتانیا .

لە پەیمانی 1930 ئینگلیزەکان ویستیان نوێنەری نوێ بۆ پەرلەمانی عێراق هەڵبژێرن ، لەو سەردەمەدا هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەو ئەنجومەنە بە دوو قۆناغ ئەنجام درا :

یەکەم جار (منتخب ثانوی ) هەڵبژێرا، دواتر بە پێی ناوچەکان ، خەڵک لە ناوچەکان ، (نائب ) یان هەڵدەبژارد .

شەپۆلی راپەڕینی شەقامی شاری سلێمانی دەیانزانی هەڵبژاردنی پەرلەمان بۆئەوەیە، مۆری ئەو پەیمانە نوێ بکەنەوە ، کە لە نێوان عێراق و بەریتانیا کراوە ، 6 ی ئەیلوولی 1930 ، راپەڕینێکی نەتەوەیی نوێ بوو، لە رووبەڕووبونەوەیەکی راستەوخۆ، لە بەردەرکی سەرا، سەراپا شەقام وکۆڵان و گەڕەکەکانی شاری سلێمانی هەژاند ،ئەو راپەڕینە گشتی یەی شەقام ، بووە مایەی تێرامانێکی قوڵ و کاریگەر لە لای خەڵک ، بەجۆرێک دەنگی دایەوە ناونرا (رۆژە رەشەکەی ئەیلوولی خوێناوی ).
لە 28ی نیسانی 1930بڕیاردرا تۆفیق وەهبی بەگ لە (امر المدرسە العسکریە الملکییە دار التدریب )ەوە بکرێت بە متەسەریفی سلێمانی ، لە مانگی نیسان دا کرا بە متەسەریفی سلێمانی ،( ژیان) ستایشی زۆری ئەم کەڵە پیاوەی کرد ، لە 10ی مایس دا تۆفیق وەهبی چووە سەرکارەکەی ، لەو کاتانەدا جم و جوڵ و ناڕەزای خەڵک بەرامبەر بە ئینگلیزەکان و عێراق بەرپا بوو ، تۆفیق وەهبی بەگ هانی کوردەکانی دەدا ، بۆئەوەی بەردەوامبن لە سەر نارەزاییەکانیان دژ بە ئینگلیزو عێراق.
لەو سەردەمەدا بزوتنەوەیەکی ئەدەبی بەرگری و هەڵوێستی رۆشنبیری وسیاسی کورد لە سلێمانی ، گەیشتبووە ئاستی رووبە رووبونەوە، حکومەتی عێراق و ئینگلیزەکان ، ئینگلیزەکان زانیان ئەو کەسەی ئەوان دایان ناوە بە متەسەریفی سلێمانی ، لە گەڵ نەخشەو بەرنامەکانی ئەوان دا نییە ، لە گەڵ هەڵوێستی گەلەکەی دایە ، تەواوکەری راو بۆچونی شەپۆلی شەقامە ، دوای 4 مانگ، تۆفیق وەهبی بەگ لە ئەیلوولی 1930 لەسەر کارەکەی لابرا و گوێزرایەوە بۆ بەغداد، بەمەش شەپۆلی ناڕەزای شەقام سەری هەڵدا یەوە

هەر ئەو کاتەش (ف .ت)، پیاوێکی خۆبەرە پێشەوە و ماستاوچی بوو ، دەمێک بوو هەڵپەی بۆ کورسی دەسەلات دەکرد، ئینگلیزەکان ویستیان ئەو بکەن بە متەسەریفی سلێمانی ، بۆ ئەوەی دەنگی ناڕەزای شەپۆلی شەقامی شار کپ بکەن ، (گاوەن) موفەتیشی ئیدارەی سلێمانی بوو ، بە مۆلەتی 6 مانگ سەفەری کردبوو ، (ئەلبان) وەکیلی (گاوەن) بوو ، هەموو دەسەلاتێکی رەهای بەڕێوەبردنی سیاسی و ئیداری وسەربازی شاری سلێمانی پێ سپێرابوو، ئەو گۆڕانکاری یە کت و پڕە ، بوو بە هۆی سەر هەڵدانی ئەو رووبەڕووبونەوە گەورەیەی راپە ڕین ی شەقامی شار.
لە هەڵبژاردنەکەی ئەیلوولی 1930دا ،نوری سەعید کرا بە سەرۆک وەزیرانی عێراق ، هەموو هەوڵ و تواناکانی بە شێوەیەکی توندو تیژ بۆ پێشێل کردنی مافەکانی کورد بوو ، کەوتە بەربەرەکانی شەپۆلی ناڕەزایی شەقامی شار .

. لە 5ی ئەیلوولی 1930 شەپۆلی شەقامی شاری سلێمانی لە بەردەرکی سەرا کۆبونەوە ، دەرگای قوتابخانەکان داخرا ، بێکەسی شاعیر ومامۆستا وقوتابییەکانی قوتابخانەکان بە سروود ی نیشتمانی شاریان زیاتر هەژاند .

ورەی پۆڵایینی شەپۆلی شەقامیان باڵاتر کرد ، بازاڕودوکانە کان کپ و بێدەنگ بوون ، دەنگی ناڕەزای خەڵک بە جۆرێک سەرای شاری هەژاند ، خۆیان لە پروپاگەندەی هەڵبژاردنی نوێنەری راستەقینە ی خۆیان دا دەبینییەوە .شەپۆل شەپۆل خەڵک بەردەوام بوو لە خۆپیشا ندان و ناڕەزایی ، چەند دروشمێکیان بەرز کردەوە ؛
رەوابێ مەتالیبی کورد
بەرقەرار بێ عەدالەتی عوسبە ت لئومەم
سەعات 9ی بەیانی 1930 ،شەپۆلی خەڵکی شار ، لە خۆپیشاندانێکی گەورەو فراوان دا ، بە یەک دەنگ ،دوایان لە دەسەلاتداران کرد، بواریان بدەن ،خۆیان نوێنەری راسستەقینەی خۆیان هەڵبژێرن ، بەڵام ئەوان بەهیچ جۆرێک ئەو مافەیان پێ رەوا نەبینین ، ئینگلیزەکان بە پێ ی بەرنامەو نەخشەو پلانەی خۆیان، چەند کەسێکی بەکرێگیراو هەلپەرست یان دانابوو، بۆ نوێنەری شاری سلێمانی . هەر ئەو رۆژە هەیئەتی تەفتیش بۆ سەپەرشتیی هەڵبژاردنی (منتخب سانەوییەکان )یان ، (30) کەسێکیان لەسەرای سلێمانی کۆببونەوە بۆ هەڵبژاردنی نائیبەکان .

سەرانی (هەیئەی وطنیة) توندوتیژ نەبوون ، لە بەر ئەوە بەشداریان لە خۆپیشاندانەکەدا نەکرد ، فایەق بێکەسی شاعیرلە گەڵ قوتابییەکانی زانستی دا ، دوکانە کراوەکانیان داخست ، رۆڵی سەرەکی و دیاری لە هەژانی شەپۆلی شەقامی راپەڕین ی شاردا بینی ، دەنگی سروودی گرامەفۆنی چایخانەکان تێکەڵ بە هوتاف و شیعاراتی شەپۆلی شەقام دەبوو ، رێگای هاتو چۆی سەراو دەرەوەی سەرایان گرت

عەبدوڵڵا کەریم مەحمود

سەرچاوەکان :

1-نەوشیروان مستەفا ، کوردستانی عێراق :سەردەمی قەڵەم و موراجەعات لە (1921- 1931)
2- محەمەد رەسول هاوار ،شیخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خواروی کوردستان
3-جەمال بابان ، سلێمانی شارە گەشاوەکەم.
4-عەبدوڵڵا کەریم مەحمود ، شەشی رەشی ئەیلوول و یەکەمین جەماوەری شار ،ژمارە 2553ی کوردستانی نوێ .
5-عەبدوڵڵا کەریم مەحمود ،راپەڕینی سەرای سلێمانی ، شەشی ئەلوولی سوور کرد ، ژمارە 1941.

# سێدارە

برا دوور و خزم دوور و کەسم دوور
بە نا بەڵەد ، تەمەن ئەمبا بەرەو ژوور
بەڵام ڕوونە بەرەو سێدارە چوونە
خەنەی خوێنم لە پێ ئەگرێ ئاڵای سوور

بەرەو ژووری بەرەو ژووری سێدارە
ماندووی کردووم و شوێنەکەم شێدارە
کە نیشانەی پەشێوی پێوە شێوەم
ئەوە برینی ئەشکەنجەیە و جێ دارە

نەڵێن ؛ ئەمرێ و لە ترسی مەرگ پەشێوە
پێشمەرگە بم هەر ئەکەومە پێش ئێوە
بە مەرگی پێش مەرگی ئێوە ئاسوودەم
ڕووشم ، زەردەی پێکەنینی هەر پێوە

گەرچی بەرەو دوا ماڵی ژین بەرێوەم
یەکەم ماڵی نەمردنم دیارە لێوەم
بەشم چونکە مردنی ناو جێ نیە
شادم کە تا دوا هەناسەش بە پێوەم

مەرگی ئاوا ناگۆڕمەوە بە سەد ژین
ژینێک سەرم بۆ دوژمن بێ بە پەرژین
سەربەرزیە کە پێڵاوم ئەبینن
بە سەر سەری دوژمنەوە لە بەرزین

پێ لە سەریان دائەنێم و ئەڕوانم
بەرەو شاری جێ هەواری کاروانم
ئەگەم پێ یان چونکە دیارە جێ پێ یان
ئێرەیە و لێ ی لانادەم تا ئەتوانم

ئەوا ئێستا کەوتوومە شوێن پێشڕەوێک
کە لێرە بووە لە پێش مندا چەند شەوێک
دیارە منیش هەر ئەوەندەی لێ ئەبم
وا بە نوێنی ئەو ئەشکێنم سەرخەوێک

خۆ بە نوێنی جێماوی دائەپۆشم
تا پێ ی سووک بێ ، ئێسی لاشەی نەخۆشم
بۆتە بەڵگە بە شوێن ئەودا ڕۆیشتنم
ئاخۆ کێ ی تر پێ ی دێتە شوێنی خۆشم

دیسان ڕێگای شوێنێکی کەم لە پێشە
ڕێ ی گۆڕستان کە دڵنیام ئەو لەوێشە
ئەگەر لاشەم نەشێ ببرێتە شوێنی
گیانم لە سەر گڵی سەر گۆڕی مێشە

کە دڵنیام ئەچێتە جێ ی شانازی
لەو ڕێ یەدا منیش ئەکەم گیان بازی
کە ئەو خوێنی خەڵاتی ڕێ ی خەباتە
خوێنی منیش ئەنەخشێنێ ڕێبازی

ئەو مەرگەی لێم ترساوە ئەیلاوێنم
بۆ ناوێرێ بێت و بگرێ داوێنم
با بمناسێ کە پێشمەرگەی - کۆمەڵە - و
کادرێکی دەست و داوێن خاوێنم

کە پاش مردن هەبوو دنیایەکی نوێ
تا ئەو کاتە با گیانیشم تێر بنوێ
چونکە ڕۆژی هەستانەوە ، دەرفەتی
فرمانێکی وەک ئێستام هەر بۆ ئەلوێ

لەو دنیایەش هەر پێشمەرگە و کادرم
کە هیچ نەبێ لەوەی ئێستا چاترم
لێرە خاوەن ئەزموونی ڕێ ی خەباتم
لەوێ لەنێو کورەی شۆڕش ئاگرم

ئەگەر لێرە نەمتوانیبێ بجەنگم
لەوێ بە دەست هاوڕێ یەکەوە تفەنگم
ئەگەر لێرە بە جێ مابم لە کاروان
لەوێ لە پێش کاروانەوە پێشەنگم

زیندانی موسل
بەشی سێدارە

**شەهید مەلا عەلی**
١٨/٦/١٩٧٩



## تورکیا ئەو خاکەی لە خاوەنە ڕەسەنەکانی دزراوە؛ دوای جینۆساید کردنیان

بێگومان هەموان تەواوی جوگرافیای تورکیا دەزانین پێش ٧٠٠ ساڵ کەسنوری تورکیای ئیستا نییە. خاوەنداریەتی تورکیای ئێستا دەگەڕێتەوە بۆ دانیشتوانە ڕەسەنەکەی لە کلدان و یۆنانی وئاشوری (سریانەکان)وکورد و ئەرمەنەکان...

ماوەی 500 ساڵ قوستەنتینیە پایتەختی دەوڵەتی بێزەنتینیەی یۆنانی بووە ، کە ئیمپراتۆر قوستەنتین وەک پایتەختی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی خۆر هەڵاتی لە ساڵی 333 زاینیەوە دایمەزراند تا داگیرکردنی لەساڵی 1453 .

واتە نزیکەی 1200 ساڵ قوستەنتینیە پایتەختی ڕۆشنبیری یۆنانی قەڵغانێکی بەهێز بووە لەبەرانبەر بەربەریەتی تیرەکانی باکوری ئەوروپا لە خۆرئاوا ، دڕندایەتی هۆزە تۆرانیە تورکیەکان لە خۆر هەڵات ......

تورکیای ئێستا وەک هەر دەوڵەتێک ومەمالیکەکانی دیکە بەزەبری شمشێر دروست کرا ...تا ئەم دوادواییانەش قازوخ تێبڕین دروشمی سەرەکییان بووە .....(خازوق دارێکە سەرەکەی تیژ دەکرا لەدەمی مرۆڤەکەوە تێی ڕۆ دەکرا ولەپاشوىەوە دەهاتە دەرێ وپێوەی هەڵدەواسرا تاکو گیان دەرچونی ).

لە کۆی 36 سوڵتانی عوسمانی تەنها 3 سوڵتانیان بەمردنی ئاسایی مردوون ، ئەوانی تر هەموو بە کوشتن و سوتاندن و خنکاندن و بەشێوازە جۆر بەجۆرەکانی تیرەوقەومەکانی خۆیان لەسەر ڕێبازی تورکی لەناوبراون .

هاوڕێیانم ئەزانن نەریتی پەیڕەوکراوی عوسماني ئەوەبوە هەر سوڵتانێك كە گەیشتۆتە دەسەڵات هەرچی براو وئامۆزاکانی بەخنکاندن کوشتوە ویان هەردووچاوی هەڵدەکۆڵین ئەوەش بۆئەوەی کەس چاوی یا بەربەرەکانێی دەسەڵاتیان نەکات و هیچ دەسەلاتدارێکیان پێچەوانەی‌ان پەیرەو نەکردووە تا لەسەر دەسەڵات دژایەتی نەکەن ...!

بێگومان براکانیان هەموو لەدایکی خۆیان نەبوون وزڕ برابوونە ، هەموو سوڵتانێک 4 ژن وسەدان جاریەی هەبوە بۆ ڕابواردن وسەرجێی و شەوەکانیان بەسەر ئەو هەموو ژنەدا دابەش دەکرد ، ژنەکانیان دەرفەتیان زۆر کەم بووە وزگپڕبوون ،هەموو ژنەکانیان هەمیشە لە ململانێ و دژایەتی کردنی یەکتربوونە بۆ ئەوەی منالەکانیان دەسەڵات بگرنە دەس وهەمیشە خەریکی پیلانگێڕی لەنێوانیان شتێکی بەرچاو بوونە ...

ئایا دەزانن سوپای شەڕکەرە دڕندەکانی عوسمانی کەناویان سوپای انکشاری بوە چۆن دروست دەکرا ؟

بەهەمان ئەو ڕێگایەی کە سوپایەک کەنیزەک لە حەرەمی پاشا دروست دەکرد ، ئەویش ئەوکاتانەی کە هێرشیان دەکردە سەر لادێ کریستیان نشینەکانی دەوڵەتە دراوسێکانی وەک ڕوسیا و ئەوروپای خۆرهەڵات وقەوقاز سەرجەم لادێکانیان وێران دەکرد ودەیان سوتاندن و خەڵکەکەشیان قڕ دەکرد و تەنها کوڕ وکچە منالەکانیان دەهێشتەوە تا خۆیان پەروەردەیان بکەن .

کوڕە ڕفێنراوەکانیان لەشوێنێکی تایبەت دادەنران جگە لە دەوڵەتی عوسمانی دایکی تر نەناسن و جگە لە سوڵتان باوکێکی تر نەناسن ، لەوێ ڕەچەلەک و ناوی ڕاستەقینەی خۆیان بیردەبرایەو دەبونە سوپایەکی دڕندەومرۆڤ بوونی خۆیانیان لەبیر دەچووەوە و سوپایەکی دڕندەی شەرکەریان لێ دەرچوو وەک سوپای زۆمبی وپێیان دەوترا "ئینكشاری " .

منالەکچەکانشیان کە تەمەنیان هەر ٥-٦ ساڵێک دەبوو دەیانبردنە حەرەمی پاشا ولە ژوور وشوێنی تایبەت لەسەر سێکس وسەرنج ڕاکێشان ودڵبردنی سوڵتان و کوڕەکانی لەسەر دەستی سۆزانیە تایبەتەکان کە ناویان ژنەقارەمانەکان بوە ، ڕاهێنیان پێیان دەکرد .
ئەو پیاوانەشی سەرپەرشتی ئەم کارانەیان کردوە کەسانی خەسێنراو بوون پێیان دەگوترا (ئاغاکان)..

ئا ئەوەیە دەولەتی عوسمانی کە ئەردۆغان شانازی پێوە دەکات .
- خاکەکەی لەخەڵکە ڕەسەنەکەی دزیوە، دوای قڕکردنیان...
- سوپا لە منالە ڕفێنراوەکان دروست کراوە دوای قڕکردنی کەسوکاریان لە لادێ و گوندەکانی دەوروبەریان ..



- دایکەکانیان جەواری وکۆیلەکانی سێکس بوونە کە لە هەمان ئەوشوێنانەی سەرەوە دەرفێنران ، لەسەر دەسی ژن وپیاوە خەساوەکانی تایبەتکار بە ڕاهێنانی بەد ڕەوشتی سێکسی ، ڕاهێنیان پێیان دەکرد ......
- حاکم سوڵتانە بکوژەکان بەسەر لاشەی باوک و براکانیان دەگەیشتنە دەسەڵات .
-مێژوییەک لە کوشتن ودزی و ڕفاندن ولاقەکردن وخوێن ڕێژی وخەساندن ودارتێبڕین وچاو هەڵکۆلین وسەرپەڕاندن..

**نوسینی د. ریم عەرنوق.**
**وەرگێرانی لە عەرەبیەوە عوسمان عومەر**
**لەواڵی من ئەرمنیم وەرگیراوە**
**١٢ی ئەیلولی ٢٠٢٢**

# بۆ پێی دەوترێت "دارە سووتاوەکە"؟

## داناز عەبدولڕەحمان

دارەسوتاوەکە بەو گۆڕەپان و مەیدانە گەورە کۆنە دەوترێت کە دەکەوێتە دامێنی گەڕەکی کانێسکان،مێژووی ئەم دەشتە زۆر کۆنە بەیەکێک لە کۆنترین دەشتە پان و ڕێک و تەختەکانی مێژووی شار ئەژماردەکرێت.

دارەسوتاوەکە لە سەروو مزگەوتی گەورەوە دەست پێدەکات تا دەستپێکی شەقامی قەنات،لەکۆندا دەشتێکی چۆڵ بوو و جگە لە چەند دار ودەوەنێک وکانیەک هیچی تر لێنەبوو.

لەبەر جۆری گڵ و نەرمی خاک و ڕێک و پێکی و تەختی زەوییەکەی لە دەورانی عوسمانی و ئینگلیزەدا،مەیدانی ئەسپسواری و جریدبازی و مەشقی سەربازی بوو.

ساڵانی پەنجاکان چەند باخێک لەو شوێنە دروستکرا،بەڵام کانی دەرووبەری وشکی کرد،زۆر هەوڵیاندا لە کانیەکەی کانێسکانەوە ئاوی ڕاکێشن بۆ باخەکانی ئەو دەوروبەرە،بەڵام کارێکی قورس بوو،چونکە کەمێک لێژ بوو کاری زۆر دەویست، بۆبە ئاویان لە کارێزەکەی مەجیدبەگەوە بۆ ڕاکێشا کە ئەوە کارێکی ئاسان تر و خێراتر بوو و

لەبەر ئەوە لێژای و سەرە بەرەوخوار بوو ئاو زوو دەگەیشتە دامێنی باخەکان.

ئیتر تا کۆتایی شەستەکان باخەکان نەما و دوای ماوەیەک بوو چەند دار فرۆشێک لە مەیدان و گۆڕەپانەکە کڕین و فرۆشتنیان بە دار دەکرد و کردیانە شوێنی بازرگانی کردن.

لەساڵانی نەوەدەکانیشدا،دارە سوتاوەکە ببوو بەمەزادخانەیەکی گەورەی کۆنەفرۆشی و هەرزانفرۆشی هەتا ئێستاش،دەوروبەریشی ببوو بەپیشەوەری دەستی و شوێنی پەنچەرچی و کاری فیتەری.

ناو مەیدانەکەشی ببوو بە شوێنی ڕاوەستانی پاسی چەند هێڵی گەڕەکەکاتی شار.

هەرچەندە لە ئێستادا بە هیچ شێوەیەک (دار) لەو مەیدانەدا کڕین و فرۆشتنی پێناکرێت،بەڵام هەر بەناوە کۆنەوە بانگ دەکرێت و تەنانەت لە پێشی پاسەکانیشدا نوسراوە (دارە سووتاوەکە).

ناوی پێشتری "دارەسوتاوەکە"چی بوو؟

دارەسوتاوەکە پێشتر پێیان دەوت "مەیانی دار فرۆشەکان"یان مەیانی دارەکە یان مەیانی"دارە سپییەکان".

جۆری دارەکانیش زیاتر داری سپیدار و چنار بوون

واتا کڕین و فرۆشتن بەدار دەکرا،زۆربەی دارەکان بەسەر پشتی ئێسپ و گوێدرێژەکان لە شارباژێڕەوە دەهێنرانە مەیدانەکە.نرخی هەر دارێک "١٠ "فلس بوو.

زۆربەی فرۆشیاران کوخێکی بچووکیان دروستکرد بوو لە شێوەی دوکانێکی بچووک،سێبەر دارەکان زۆر فێنک بوون بەتایبەت لە وەرزی هاویندا،منالانی ئەو گەڕەکە زۆربەی یاریی و ساتەزێرینەکانیان لەوێ بەسەر ئەبرد،لەبەر چڕ و پڕی دارەکان،یاری چاوشارکێیان لێدەکرد و خۆیان تیایدا ئەشاردەوە.دانانی دارەکان لەتەنیشت یەکەوە هەڵدەچنران زۆر سەخت و ترسناک بوون،لەشێوەی کۆڵانی تەنگەبەر و باریک باریک بەتەنیشت یەکەوە بوون.

بۆ پێی ئەوترێت دارە سوتاوەکە.

شانە نهێنی و هێزە نهێنیەکانی شۆڕش ئەوکات هەموو شەوێک چالاکییەکی گەورە گەورەیان لە شاردا دەکرد و گورزی باشیان دەدا لە دامودەزگا و کەسە خوێنڕێژەکانی بەعس.

هەر کارێکی وچالاکییەک دەکرا زۆرجار بە نهێنی خۆیان لەناو ئەو دارانە دەشاردەوە و بەئاسانی خۆیان قوتار دەکرد.زۆرنار چەک و تەقەمەنییەکانی خۆیان لەوێدا دەشاردەوە،چونکە زۆر زۆر چڕ و پڕ بوو بە ئاسانی مرۆڤ لەوێدا ون دەبوو.



ساڵی ١٩٧٧ز لە شەوی هەینیدا و لە وەرزی هاویندا "قەوات خاصە" واتا هێزێکی تایبەت ئامادەکرا و بۆ نەناوبردن و سوتاندنی ئەو دارانە،بە هێزێکی زۆرەوە شەوێکی هاوین هەڵیان کوتایە سەر مەیانی دارەکان وگەڕەکی کانێسکان،چەند دەبەیەکی بەنزین و نەوتیان خستە ناو دارەکان و ئاگریان بەردایە سەرجەم دارەکان و هەموویان سوتان.چەند دەنگێک لەناو دارەکان دەبیستران کە دیار بوو چەک وتەقەمەنی شۆڕش بوو لەوێ شاردرابوونەوە.

زەرەر و زیانێکی زۆر بە کاسبکارانی ئەو مەیدانە کەوت،هەروەها زەرەرێکی گەورەش بە خانوەکانی دەوربەری کەوت و هەموویان لە ترسان و ماڵیان بەجێهێشت و شتومەک و کەلوپەلەکانیان لەگەڵ خۆیان پێچیایەوە و بەشەوە دەربەدەر بوون.

زۆر لە دانیشتوانی ئەو گەڕەکە و ئەو شارەبەو شەوە هەوڵێکی زۆریاندا هەتا ئاگرەکە خامۆش بکەن و بیکوژێننەوە،بەڵام بەهیچ شێوەیە نەتوانرا تەنانەت شتێکی بچووکیش بکرێت،ئەو دیمەنە بۆ خۆی مەنجەنیق و دۆزەخێک بوو بڵێسەی ئاگرەکە لە دوورترین شوێنی شارەکە دەبینرا.ئیتر خاکی مەیانی دارەکان بوون بە پارچەیە ڕەژوو و ڕەشایی .

بۆچی بەعس ئەو مەیدانی دارەکانی سوتان؟

دەوڵەتی عێراق  حیزبی بەعس بەبیانووی ئەوە ئاگری بەردایە ئەو مەیدان و گۆڕەپانە،کە گوایە جێگای مەترسی و دڵەڕاوکێیە،پێشمەرگە ئەوێیان کردووە بە لانەی خۆ حەشاردان و خۆشاردنەوەی خۆیان و لەوێوە دەتوانن باشتر گورز لە حیزبی بەعس بدەن.

ئیتر هەتا کۆتایی هەشتاکان بە مەیدانی دارەکانیان ئەوت "دەشتەکە"

لە دوای ڕاپەڕینیشەوە ناوی گۆڕا بە "دارەسووتاوەکە". و هەتا ئێستاش هەر دارە سووتاوەکەیە..

داناز عەبدولڕەحمان

# نائیلە خان یەکەمین ژنی کورد بوو کە مزگەوتێکی دروستکردو ناوی خۆی لەسەر نوسی..

## ♦نایلە خان کێیە؟

لەدایک بووی گەڕەکی شێخانی شاری سلێمانی بوو، خوشکی نوسەری گەورەی کورد جەمال عیرفانە و کچی عەبدوڵڵا عیرفانە،عەبدوڵا عیرفانیش یەکێک بووە لە پیاوە دیار و بەناوبانگەکانی سەردەمی خۆی، ماوەیەکی زۆر قازی بووە لەشاری سلێمانی و دەرووبەری خزمەتێکی زۆری کردوە و خۆشەویستی ناو خەڵک بووە، هاوژینەکەی ناوی ئامینە مەلا ڕەفعەت ڕەواندزی بووە، خاوەنی چوار کوڕ و چوار کچی هەبوون بەناوەکانی(جەمال، عەلی، ئەحمەد، کەمال، نائلە، کامیلە، حەبیبە، حەپسە).

نایلە خان خێزانی شێخ حمە عەلی شێخ حسێن بووە،نفوزی دەسەڵاتی قەرەداغ ، شارباژێڕ،دۆڵەڕووت،شارەزوور بوو،بازرگانێکی بەناوبانگیش بوو لە ئێران و ( خانەقین )ەوە بۆ (ڕەوانسەر)بە تایبەتی هی ( کرمی ئاوریشم ) کە هێناویانە لە (طریق الحریر ) ە وە.
لەدایکبووی ساڵی ١٨٧٠ز و ساڵی١٩٢٠ وەفاتی کردووە..
هەروەها قائمقام بووە لە ساڵی ١٩٠٤ تا ١٩٠٥ هەروەها قائمقامی ( چەمچەماڵ) بوو..خاوەنی دوو کوڕ بوون بەناوەکانی(حەسەن و حسێن). کە هەر دوو کوڕەکەی بە گەنجی کۆچی دواییانکردوە..دوای ئەوە هیچ نەوەیەکیان لەدوای خۆیاندا بەجێنەماوە..
نائلە خان لە بنەماڵەی خۆی کە بنەماڵەی عیرفانییەکان بوون و دانیشتووی گەڕەکی شێخان بوون موڵک و ماڵێکی زۆریان هەبووە، لە بنەماڵەی مێردەکەشییەوە کە بنەماڵەیەکی بەناوبانگ بوون ، بەهەمان شێوە دەوڵەمەند و موڵکدار بوون..
بۆیە پێش مردنی زۆربەی موڵکەکانی خۆی بەخشی بە کاری خێرخوازی، دوو زەوی گەورەی لەباشترین شوێنی شاری سلێمانی لەگەڕەکی تویمەلیک بۆ نەخۆشخانە بەخشیوە، کە بەداخەوە لەدوای ڕاپەڕین بەهەڵە خانووی لەسەر دروستکراو نەخۆشخانە دروستنەکرا.
نایلە خان لەسەرەتای هەشتاکاندا لەگەڕەکی مامۆستایانی شاری سلێمانی لە ماڵی ڕوناک خانی جەمیل سائیب کۆچی دواییکرد..
کاتێک خۆی لە ژیاندا بوو، توانی لەسەر بوجە و زەوی خۆی لەساڵی ١٩٧٩ دا مزگەوتێک لەسەر شەقامی شەست مەتری بەرامبەر بەگەڕەکی توی مەلیک دروستبکات، بۆ یەکەمینجار لەمێژووی کورددا توانی ڕێچکەشکێن بێت و ناوی خۆی بنوسێت. بۆ ئەم مەبەستە پیاوێکی دەستپاک و ڕاستگۆیی ڕاسپارد بۆ جێبەجێکردنی کارەکانی کە پورزازای خۆی بوو بەناوی(عەلی تۆفیق ئەحمەد چنگیانی)، ئەم پیاوە زۆر بەدڵسۆزی سەرپەرشتی هەموو کارەکانی کردو بەباشی بۆی ڕاپەڕاند و ئەرکەکەی خستۆتە سەر شانی خۆی تا تەواو بوون.

♦ویسترا مزگەوتەکە بڕوخێنرێت؟

ئەم مزگەوتە بە بیانووی ئەوەی کە شوێنەکەی باش نییەو کۆنە، حکومەت ویستی بیروخێنێت، چونکە خاوەنی موڵکدار لە ژیاندا نەمابوو، دواتر بە توانای هەندێ کەسی باش ڕێگەیان نەدا ئەو مزگەوتە بروخێنرێت، لەوانە: غەریب ڕەشید،جەلال ڕەشید کە برا بوون.

♦یەکەمجار مزگەوتەکە کە دروستکرا ناوی لێنرا" نایلە عیرفان" کە بەناوی خاوەن موڵک و دروستکاری ناولێنرابوو، دوای ساڵانێکی زۆر ویسترا کە ناوێکی تری لێبنرێت، بەڵام کەسوکاری بەوە ڕازی نەبوون، بۆیە کرا بە نایلە خاتوون..

♦لە مێژووی کوردا بە یەکەمین ژن دادەنرێت کە مزگەوتێک دروست بکات لەسەر بودجە و موڵکی خۆی و بیکات بەناوی خۆیەوە، نمونەی ئەم جۆرە مرۆڤانە زیاد بێت و خوا لێیان خۆش بێت ..



داناز عەبدولڕەحمان

سوپاس بۆ خاتوو ڕوناک جەمیل سائیب کە زۆربەی زانیارییەکان لەو وەرگیراوە

### ئایا ئەزانی جگە لەکورد، هیچ لایەنێکی دیکە لە کەرکوک خاوەندی موڵک نەبووە؟ بەڵێ هەموو خاوەن موڵکەکان لە لیوای کەرکوک کوردبوون!

بە پێی ئامارێک خاوەنداریەتی زەوی لە لیوای کەرکوک بۆ ساڵی ١٩٥١ لە دوای شارەکانی عەمارە و کوت و ناسریە، کەرکوک گەورەترین خاوەن زەوی تێدا بووە لە کۆی گشتی (٢٠٣٥٥کم٢)ی ڕوپێوی کۆی گشتی خاکەکەی و ڕوپێوی زەوی کشتوکاڵی بە ڕێژەی (٨٥٦٢کم٢) لە زەوی کشتوکاڵی.
ژمارەی خاوەن ماوڵکەکانی زەوی (٧٤٠٩)کەس بوونە، ڕێژەی ناوەندی خاوەنداریەتی موڵکداریەتی زەوی (١١٦)هێکتار زەوەی بووە، گەورەترین خاوەن زەویەکان لە لیوای کەرکوک مەلاو شێخە کوردەکان بووە، هیچ خاوەن زەویەکی دیکە لە لیستی گەورە خاوەن موڵکەکانی کەرکوکدا نەبووە لە لیوای کەرکوک. هەرچی خاوەن موڵکەکانە بەم شێوەیە لە لیستەکەدا هاتووە:
١. سەید ڕۆستەم سەید محمد کاکەیی لە کرکوک خاوەن (١٩١٠٣٩) دۆنم زەوی بووە، بە پلەی هەشتەمی وەرگرتووە لە عێراق.
٢. شێخەکانی تاڵەبان خاوەن (١٣٧١٦٣) دۆنم زەوی بووە پلەی یازدەیەمینیان وەرگرتووە.
٣. بابانیەکان خاوەن (٨١٣٥٣)دۆنم زەوی بوون لە کرکوک و دیالە و حلە.
سەید ئەحمەد خانەقا خاوەن (٤٢٣٥١) دۆنم زەوی بووە.
ئەمانە لە ریزی هەرە گەورەی (٤٧) خاوەن زەویەکانی عێراق دەهاتن.
بەسوپاسەوە وەرگیراوە



# بەسەرکردنەوەی شەهیدان

سەروەری
مەلاشاخی

* شەهید(کامەران جەلال عەزیز)
ـ لە 1965لەگەڕەکی(ئیمام قاسم)
لەدایك بوو بوو.
ـ لە بەهاری 1980
لە(هەرێمی٢ی کەرکوك)
دەبێت بە پێشمەرگە.
ـ لە 1981.3.10
لە(حەسار وەلی پاشایی)
لەنزیك کەرکوك دیل دەکرێ و
راپێچی زیندان دەکرێ.
پێش ئەوە دادگایی بکرێت
تەمەنی گەورە دەکەنەوە
بۆ(20)ساڵان و
ـ لەرۆژی 1981.5.23
لە دادگای بەناو (الثورة)
دادگایی دەکرێ و
سزای لەسێدارەدانی
بۆ دەردەچێت.
ـ چەند نامەیەکی
لە زیندانی فاشیستەکانەوە
گەیشتنەوە سەرکردایەتی
لە بڵاوکراوەی(کۆمەڵە)دا
نامەکانی ژمارە(42)و(43) بڵاوکراونەتەوە.
ـ لە رۆژی 13.6. 1981
لە قەسابخانەی موصل
لەسێدارە درا..
روحی شاد
***

پەیامی کامەرانی
مەلاشاخی

ـ خۆ تۆش وەکو
شەهیدانی دەڤەرەکەت
( کوێخایابەی کاولەسوار) و
(عەلی برنەو) و
(عوسمان شێخ بزێنی )
ئاوی سازگاری کانیاوەکانی
(هەنارە)و(رەزحەلە)..ت
نۆش نەکردبوو،
خۆتۆ لەبەرمانگە شەوی
بناری چیا ...
گڕی پشکۆی کوانوی شۆڕشت
خۆش نەکردبوو.
هەتا ئێستا ئێمە بڵێین
هەقی خۆت بوو ئەوان ئاسا
چۆن لەسەرەتای شەستەکاندا
خۆیان گەیاندە بنکەکانی :
(چەمی رەزان)و(دەربەند) و(بەردەقارەمان)..
ئەمرۆکە تۆش
ئەوان ئاساخۆت بگەیەنیتە
کاروانەنوێخوازەکەی
(کاك ئارام)و(ئەنور)و..

بیبیتەهاوڕێ وهەڤاڵی رێبازەکەی
(مەلائاراس)و(ئاکۆسوور)...؟؟!
ـ خۆتۆوەك ئێمە..
چەوسانەوەی چینایەتی و
ژیانی پڕلەکولەمەرگیت
نەبینیبوو،
ئەی چی وای لێکردی
خۆت پێ رانەگیرێ و
بگەیتە خوێندنگاکەی
کۆمیتەی ئاگرو(خاڵەشەهاب)و
لەسەرتەختەبەردی
رەقی بنکەکانی
(شیوەسوور) و(خاڵخاڵان)..
فێری وانەی خەبات و
پێشمەرگایەتی و
تێکۆشان..بیت ؟؟!
ـ ئەوە چ رێبازێکی دەروێشانە،
چ حاڵەتێکی حاڵگرتنی سۆفییانەبوو..
تۆی وا لێ کرد
بەوتەمەنە کەمەتەوە
بگەیتەخانەقاکەی(مام هێمن)و
لە سوورقاوشان ،
لەکۆری زیکری رەنجدەراندا ،
لەتەکیەکەی(کۆمەڵە)دا
فێری وانەی
(یەکێتی)بیت..؟؟!
ـ ئەی پێشمەرگە ژیکەلەکەی(هەرێمی دوو)!
ئەورۆژەی تۆ بەکەرکوك گوت:
من ماڵئاوا ..
ئەورۆژەی بەبێ چرپە جیابوویتەوە
لە(ئیمام قاسم)و(رەحیماوا) ..
بۆئێوارە تفەنگێك و
کتێبێك و..
ئەشکەوتێك پێیان گوتی :
تۆ بەخێربێی..!
ئەی کورەکەی باباگڕگڕ
تۆ خۆش هاتی..!
ـ لەم وڵاتی پرزۆڵم و
مەرگەسات وغەدرە نەبێت،
لەکام وڵاتی دنیادا،
سەروەری یاسا
ئاوا .. پێشێلکراوە..؟
مافی مرۆڤـ واشێواوە،
گەنجی تەمەن خوار(16)ساڵ ،
کراوەبە (21) ساڵ..
مەرگی بەسەرداسەپاوە.؟
ـ لەزیندانەکانی کەرکوك و
(هیئەی خاصە)و
(قەسابخانەی موصل)نەبێ
لەکام زیندانی تاواندا..
مرۆڤـ گاڵتەی بەمەرگ و
مردن هاتووە و
بەر لە شەهیدبوونی ..
خۆی سروودی


(ئەی شەهیدان )ی
بۆلاواندنەوەی مەرگی خۆی گوتۆتەوە..؟!
ـ ئەی هەڤاڵە شەهیدەکەم..!
کاتێ هاورێکانت هاتن ..
لەگەڵ خۆیان نامەیەکی
وەك چکلێت و
کتێبۆکەیەکی(کۆمەڵە)و
نامەکانی ژمارە
(42) و(43) یان
گەیاند پێمان..
منیش لەوەڵامدانووسیم:
ئەی هاورێیان..!
گەلێك خاوەن رۆلەی ئازای
وەکوهاوڕێ (کامەران) بێ،
رۆژێ هەردێ
دەبێ بگا بە ئامانج و
کامەران بێ.



# ڕووسوورەکانی مێژوو کڵاوڕۆژنەی نیشتیمان

نەمر گەشمردە دڵشاد تۆفیق بەنگینە ،هەناسەی بۆنی نێرگزو ،عارەقی ناوچەوانی عەشقی هەتاو و،پوزەوانەی ئامێزی ڕێگاو ،سەرتاپاشی ڕەنگ و دەنگ و بۆن و هەناسەو سۆزی نیشتیمان بوو، لەئاسک تیژ ڕەوترو ،لەپڵنگ بەهەڵمەت ترو لەشێر بەغیرەت ترو ،هەڵۆیانە چیایی و یاخی بوو ،جارجاریش بازێکی گەرمەسێر بوو ، کاکە دڵشاد لەدایک بووی ساڵی ١٩٥٥ سلێمانی /گەڕەکی سەرکارێز ،قۆناغی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی ،هەر لەسلێمانی تەواو کردبوو ،ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی کردووە بە ڕیزەکانی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی مارکس و لینینی کوردوستانەوەو ،زۆر چالاکانەو بە بڕواوە کاری بۆ کردووەو ،نمونەی خەبات تێکۆشەر بووە هەربۆیە ساڵی ١٩٧٨ کاتێ خوێندکاری کۆلێژی کارگێری و ئابوری بووە لەبەغداد ،دەزگا ئەمنیە بەعسی یەکان فشاریان خستۆتە سەرخۆی و هاوڕێ کانی هەندێکیان ئاشکرا بوون و گیراون و ئەم دەرباز بووە ،گەڕاوەتەوە سلێمانی و ماوەیەک بەنهێنی لەسلێمانی و چوارتا ماوەتەوە ،دوایش لەناوچەی دۆڵەڕووت و دۆڵی جافایەتی بووتە پێشمەرگەو کادرێکی زۆر بەتواناو دڵسۆزو خەباتگێر بووە ، لەناوچەکەدا زنجیرە کۆبوونەوەو چالاکی ڕێکخستووە بۆ ڕۆشنبیرکردنەوەی جەماوەر لە هەڵوێستەکان و کاری پێشمەرگانەی ئەو کاتە و مێژوو شۆڕشگێڕانەی کورد ،لەسنووری هەرێمی چوار و ناوچە جیاوازەکانی دۆڵی جافایەتی و ...هتد ،لەساڵی ١٩٧٩ بووە جێی سەرنجی ڕۆژنامەنوسی نەمسایی کابلان کە ئەو کات خۆی گەیاندبووە کوردوستان بۆ کاری ڕۆژنامەوانی و ڕیپۆرتاژ و ووتارو دەربارەی شۆڕش و خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورد ،چەند ڕۆژێکیش بەنهێنی چووبونە ناو شاری سلێمانی و کاری باشی یان ئەنجام دا ،دڵشاد بەنگینە لێبڕاوانە لەبەر ئەوەی زمانی ئینگلیزی باش زانیووە ، کاری وەرگێران و ڕونکردنەوەو شارەزایی ناساندنی شوێن و ڕووداوەکان بووە بۆی ، سەرئەنجامیش ئەرکەکان بوونە کۆمەڵێ ووتارو ڕیپۆرتاژو ڕونکردنەوەو باسی خەباتی گەلی کوردو لە ،ڕاگوێزانی دێهاتەکان سوتاندنی ماڵ و باخ و رەزو خاکی نیشتیمان و ڕۆژنامەو ڕاگەیاندنەکانی نەمسادا پەخش کران ، کەکورد لەو ڕۆژگارەدا زۆر پێویستی بەوە بوو، بەڵام زۆر بەداخەوە کاکە دڵشاد لە ڕێکەوتی ١٥/ئەیلولی ١٩٨١ لەشارستێن ناوچەی مەرگە لەشەڕی نەخوازراوی کوردا /براکوژی/چووە کاروانی نەمرانەوە ،دوا هەناسەی پڕ عەشق و جوانی خۆشەویستی نیشتیمانی کردە پەلکەزێرنەی ملی پیرەمەگرون و ئاسۆس ، ئەو ئیستاش هەر هەنگاوی مەسافەی شەوەو لەهیچ تووله ڕێگایەک هەڵنادێرێ چرای دەستی شەوی تاری نیشتیمانەو بە بەر تریفەیەکی نیوەشەوی نیشتیمانەوە گۆرانیەکی ئارامی ڕەنجدەران و نیشتیمانە ،هەزار یادی بەخێر لەو ماوەیەی خەباتی دا بەشداری هەموو چالاکی یەکانی ئەو ناوچەیەی کردووەو ،کادرێکی زۆر لێهاتوو گورج و گۆڵ و خۆشەویستی ناو خەڵک و پێشمەرگە بووە یادو یادەوەری بەخێر /ڕزگارەسوور





## کوڕەکەی غاندی دەگێڕێتەوە

باوکم کۆنفرانسێکی یەک ڕۆژەی لە شاردا هەبوو...
داوای لێکردم هەتا شار بیگەیەنم و کاتێک گەیاندمە ئەوێ پێی وتم :
کاتژمێر 5 هەر لەم شوێنەدا چاوەڕوانت دەکەم هەتا بە یەکەوە بگەڕێینەوە ،
من سودم لەم دەرفەتە وەگرت و هەندێک شت و پێداویستیم بۆ ماڵەوە کڕی....و ئۆتۆمبێلەکەم برد بۆ شوێنی چاک کردنەوە و دواتر چوم بۆ سینەما،
کاتژمێر 5:30 خولەک بیرم کەوتەوە کە دەبێت بچمەوە بە دوای باوکمدا ، کاتێک گەیشتمە ئەوێ سەعات ببوو بە 6 و باوکم نیگەران لە بەردەم هۆڵی سیمینارەکەدا چاوەڕوانم بوو ،
پرسی : بۆ وا درەنگ کەوتی ؟
بە شەرمەوە و بە درۆ وتم: لای وەستای ئۆتۆمبێلەکە درەنگ کەوتم ، ئەویش کە پێشتر پەیوەندی بە شوێنی چاک کردنەویە ئۆتۆمبیلەکەوە کردبوو. باوکم وتی:
لە شێوەی تەربیەت کردنتدا بە دڵنیاییەوە کەم و کوڕیەک هەبووە ، کە ئەو بڕوا بە خۆ بونەم بە تۆ نەداوە هەتا ڕاستیەکان بە من بڵێیت .
بۆ ئەوەی بزانم کەم و کوڕی کارەکەی من لە کوێدایە ئەم 18 میلە بە پێ دەگەڕێمەوە هەتا بیری لێ بکەمەوە ،
بۆ ماوەی ٥ کاتژمێر و نیو لە دوایەوە ئۆتۆمبێلم لێخوڕی ، وە تەماشای باوکم دەکرد کە بە هۆی ئەو درۆ گەمژانە و نەزانانەیەی منەوە نوقمی خەفەت ببوو ،
هەر لەوێدا بو کە بڕیارم دا ئیتر هەرگیز درۆ نەکەم ،
ئەو کردەوە بێ توند و تیژیەی باوکم هێندە بەهێز بوو کە لە دوای تێپەڕ بونی 80 ساڵ لە ژیانم ئێستاش بیری لێدەکەمەوە.!
لە کاک هونەر جەماڵم وەرگرتوە






# ولیەم یوحەنا

ئەو هونەرمەندە مەسیحیەی کەعەشقی لەگەڵ دڵی مرۆڤەکان و ئاینی ئیسلام وجولەکە کرد لەشاری سلێمانی
ئەو فێری پێکەوە ژیانی کردین لەشاری سلێمانی دەیووت مرۆڤی چاکەکەر دڵی ودەرونی چواردەوری بەدەست دەهێنێت ، بەکارو زمانی پاراوی
ئەو بەبنەچە خەڵکی شاری سلێمانی نەبوو بەڵام خۆی لەپاڵ قەد پاڵی چیای گۆیژە لەدایك بوو ،لەهەمووان زیاتر خزمەتی شاری سلێمانی کرد ، ئەو عەشقی دەکرد لەگەڵ خەڵك بەگەورەو بچوکەوە فێری وەفاو دڵسۆزی کردین
بەیانیان لەگەڵ گزنگی خۆر کەلەقرگەوە دەردەکەوت ئەم سڵاوی لێ دەکرد لەخەو هەڵدەستا مژدەی بەشەقامە چۆڵەکان و سێبەر دەدا کەگزنگ بەرێوەیە بۆ شار ، ئەم لەگەڵ هاژەی ئاوی کارێزەکان پێکەوە ئاوازیان دادەنا مۆسیقایان بۆ شار لێ دەدا تاوەکو شاری سلێمانی دڵخۆش و دڵشاد بێت
ئەم گوزەری دەکرد لەچوخمەکانی شار لەگەڵ پاساری ژێر گوێسە بانەکاندا پێکەوە گۆرانیان دەوت ئەم هەموو زیندەوەر و سیماو مرۆڤێکی شاری سلێمانی خۆش دەویست
ولیەم یوحەنا خانەوادەکەی چۆن هاتنە شاری سلێمانی و خۆی کێ بوو :
نووسین و بەدوادا چوون : ئامانج مەسرەف

ولیەم یوحەننا لە ساڵی ١٩٣٤ لە گەڕەکی گۆیژەی شاری سلێمانی هاتۆتە ژیانەوە. باوکی (یوخناخنانیشۆ) لە دایکبووی پارێزگای وان بووە لە باکووری کوردستان.
ئەوان بنەماڵەیەکی ئاشووریی بوون، لە دوای جەنگی جیهانیی یەکەم بەهۆی مەترسی لەسەر ژیانیان ئەوا ماڵباتیان جێهێشت. دواجار یوخناخنانیشۆ لە ساڵی ١٩٣٢ هاتۆتە سلێمانی و لەگەڵ نەنجیبە هاوسەرگیری کردووە. دایکی ولیەم لە بنەماڵەیەکی مەسیحیی مووسڵ بوون، دایکی مامۆستا بوو.



ژیانی کارکردنی لەمۆسیقا
ساڵی ١٩٥٢ چووەتە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا، لە ساڵی ١٩٥٥ بڕوانامەی دبلۆمی لە مۆسیقا بەدەستهێنا،
لە ساڵەکانی پەنجاکانەوە بۆتە مامۆستا و زۆر هونەرمەندی ناسراوی هونەری کوردیی، بەسەرپەرشتی ئەو فێری مۆسیقا بوون. دیارترینیان مامۆستایان ئەنوەر قەرەداغی، خالید سەرکار، محەممەد ئەمین حوسێن و فرەنسیس داودن.

هەر لەپەنجاکاندا، لەگەڵ هونەرمەندان قادر دیلان، نەجاتی عەبدە، حاتەم سەعید و چەندینی دیکە تیپی مۆسیقای مەولەوییان دامەزراندووە و بوونەتە دیارترین گرووپی ئەو کاتەی مۆسیقای کوردی، ساڵی ١٩٥٦ یەکێک بووە لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد لە شاری سلێمانی.





لەکۆتایی شەستەکانیشدا، یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی تیپی مۆسیقای سلێمانی و بەدرێژایی تەمەنی پڕ لە بەخشیشی ئەو تیپە، مامۆستا و ئاوازدانەر بووە و گەلێ لەگوڵە ئاوازەکانی وان بەبەرۆکی گۆرانیبێژە هونەرمەندەکانی کوردەوە.

دەیانساڵ ڕاهێنەری هونەریی بووە لە مەڵبەندی چالاکیی قوتابخانەکانی سلێمانی و هەزاران ساتی بەرخی تەمەنی بەفێرکردنی قوتابیان بەسەربردووە، هەروەها ئاوازی بۆ دەیان کاری شانۆیی داناوە.

ماوەی چەند ساڵێک بوو دەست و پەنجەی ئەو پیاوە بەهرەدارە بەهۆی نەخۆشییەوە لەژەنینی موزیک کەوتبوون، تەنانەت چاوە پڕ لەمیهرەکانی بەقورسی بۆ دەبردرانە دۆست و قوتابی و خۆشەویستانی، لەم دوو سێ ساڵەدا بەڕۆح بەرزەفڕ و جەستە ماندووە، شادو سەرفراز کرا، ئەویش بەڕێزلێنان لەم کەڵە هونەرمەندە بەدروستکردنی پەیکەرێک لەلایەن هونەرمەند «بەیان مانی» یەوە بۆی دروستکرا، ئەوەی بەردەم گەلەریی مۆزەخانەی سلێمانی ڕازاندۆتەوە.

سەرلەبەیانی ڕۆژی ١٤ی ئەیلوولی ٢٠٠٥ لە شاری سلێمانی ولیەم یوحەننا کۆچی دواییکرد
نووسین و داڕشتنەوە و بەدوادا چوون ; ئامانج مەسرەف
سەرچاوەی زانیاری
کتێبی ; ژیان. و کاری هونەری ولیەم یوحەنا نوسینی شنە عەبدوڵا محمد










# سی و هەشت ساڵ تێپەڕدەبێت بەسەر شەهیدبوونی فەرماندەی نەمر (ملازم سەید کەریم) و شەهید (سەباح) و شەهید (نەهرۆ)دا

شەهیدی سەرکردە سەید کەریم سەید کەریم سەید رەسوڵ ناسراو بە ملازم سەید کەریم، ساڵی 1949 لە گوندی (هاودیان)ی سەر بەقەزای رواندز لە دایکبووە، قۆناغەکانی خوێندنی لە رواندز تەواوکردووەو ساڵی 1972 بە پلەی ملازم لە کۆلێژی سەربازی بەغدا دەرچووەو لە ساڵی 1974دا بووە بەپێشمەرگە لە شۆڕشی ئەیلولدا، لەبەر ئازایەتی و لێهاتوویی کراوە بەفەرماندەی بەتالیۆن لە هێزی سەفین.

دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی 1975دا چۆتە سوریاو لە دوای دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیشدا بۆ بەشداریکردن لە شۆڕشی نوێدا لە بەهاری 1977 لەگەڵ کۆمەڵێك پێشمەرگەو هاورێیدا کە دەستەی چەکداری شۆڕشی نوێ بوون، گەیشوونەتە ناوچەی برادۆست لە سێ گۆشەی ئێران- عیراق- تورکیاوە.

ئەگەر سەرچاوە مێژووییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بپشکنین ئەوە دەبینین کە سەید کەریم چەندە بەپەرۆش بووە بۆ هەرچی زووتر هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش و چەندە تامەزرۆ بووە بۆ جۆشدانەوەی سەنگەری بەرگری و خەباتی چەکداری.


لەو پێناوەشداو هەر لە ساڵی 1976دا کە ئەوکاتە لە دەرەوەی وڵات بووە، هەوڵی زۆری داوەو ئامادەکاری کردووە بۆئەوەی لەگەڵ دەستەی چەکداری سەرەتایی بگەڕێتەوە بۆ کوردستان، بەڵام هەندێك هۆکارو هەلومەرجی هەرێمی و ناوخۆ رێگربووە، تا لە بەهاری ساڵی 1977 لەگەڵ هاورێکانی گەیشتنە ناوچەی برادۆست لە سێگۆشەی ئێران- عیراق- تورکیاوە.

زۆرکەس لەژیانیدا هەڵپە بۆ شتێك دەکات و دەیەوێت بەمەرامی خۆی بگات، بەڵام لەبەر نەشارەزایی و کەمئەزموونی خۆی ئەنجامێکی ئەوتۆی چنگ ناکەوێت و هەر زوو بێ ئومێد دەبێت، کەچی ئەو شەهید سەرکردەیە دوای ئەوەی خۆی گەیاندەوە خاکی کوردستان و سەرەڕای دژواریی هەلومەرج و سەختی قۆناغەکە لە ناو خاکی سوتماککراوی کوردستان و لەنێوان بەرداشی هەردوو دەوڵەتی داگیرکەری عیراق و ئێران لەوکاتەدا، ئەو بەگوڕو تینێکی پۆڵاینەوە بەهیوایەکی گەشەوە دەبێتە هەڵسوراوێکی بواری خەبات و پێشمەرگایەتی و جێدەستی بەزوویی بەدەردەکەوێت و لە ساڵی 1977 دەکرێتە فەرماندەی هەرێم.
تێکشاندنی دوژمن لە ئیسکۆری، قەڵاسینج و شێنێ
لە بەهاری ساڵی 1978دا سەرکردایەتی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان کۆبوونەوەیەکی فراوان بۆ کادیرە پێشکەوتووەکانی سازدەکات و تیادا شەهید سەید کەریم و 25 هەڤاڵی دیکە بەشداری تێدادەکەن، لەو کۆبوونەوەیەدا سەرکردایەتی تازە هەڵبژێردرایەوەو شەهیدی سەرکردە ملازم سەید کەریم بوو بە ئەندامی یەدەگی سەرکردایەتی کۆمەڵە.

شەهید بەشداری چەندین داستان و نەبەردی و رووبەڕووبوونەوەی دوژمنی کردووەو هەڵۆ ئاسا بەرگری لە خاکی داگیرکراوی کوردستان کردووە، کە لە زۆرێك لەو داستان و بەرەنگارییانەدا رۆڵی فەرماندەو سەرپەرشتیاری بینیوە، دیارترینیان شەڕەکانی: ئیسکۆری، زیارەت، شێنێ، قەڵاسینج، قەندیل، هەورێ، چیوەی خواروو، سناوە، هیران، نازەنین، کەڵەکی باڵەییان و رزگارکردنی بێتواتەو شەڕەکانی پشتیوانی سەرکردایەتی و زۆربەی چالاکییەکانی دەشتی هەولێر.

کاتێك باس لەداستانی شێنێ دەکرێت بەبێ ناوهێنان و خستنەڕووی رۆڵی شەهید سەید کەریم لەو داستانەدا، ناتەواوی بەو نەبەردییەوە بەدیاردەکەوێت.

سەبارەت بەداستانی شێنێ ئەوە زاندراوە کە رۆژی 1978/10/20 بارەگاکانی سەرکردایەتی شۆڕش و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دەواری گوێزێ دەگوازرێتەوە بۆ خڕی ناوزەنگ و شێنێ.



هەڤاڵ مام جەلال - شەهید سید کریم ( ١٩٨٤ )

سەعات 9ی شەوی 8\1978/9/9 هێزی پێشمەرگە هەواڵی پێگەیشت لە ناوچەی شێنێ و دوژمن هێرشدەکات و لە ئەنجامدا شەڕ دەسپێکردو نۆ شەوو رۆژ درێژەی کێشا کە هەزاران سەربازو سەدان تانك و فڕۆکەی جەنگی و جۆرەها تەقەمەنی پێشکەوتووی دوژمن لە دژی هێزی پێشمەرگەی شۆڕشی نوێ بەکارهات، رووبەری مەیدانی روبەڕووبوونەوەکەش نزیکەی هەشت کیلۆمەتر بوو، بەڵام هێزی پێشمەرگە لەخۆبوردووانە بەرەنگاری ئەو هێرشەی دوژمنیان کردوو دواجار هێزە زەبەلاحەکەی داگیرکەر شکستی خوارد، شەهید سەیدکەریمیش لەو داستانەدا رۆڵی ئازایانەو قارەمانانەی بینی.

لە دوای جیابوونەوەی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان، سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ کپنەبوونەوەی شۆڕش و خەبات لەناوچەکە، هێزێکی ناردە دەشتی هەولێر کە ملازم سەیدکەریم فەرماندەی هێزەکە بوو.

لەهەر شەڕو چالاکییەکدا ئەگەر ملازم سەید کەریم فەرماندە بوایە، ئەوا هێزی پێشمەرگە سەرکەوتنی بەسەر دوژمندا بەدەستهێنا، چونکە ئەو پیاوە خاوەن و رەیەکی پۆڵاین و شکۆی سەکردەی هەبوو.

یەکێك لەخەسڵەتەکانی ئەوەبووە کە باکی لەدوژمن نەبووەو بەرامبەر هەموو ئەگەرێکی دژوار وشەی (چ نیە)ی بەکارهێناوە، تەنانەت ئەوکاتەی کە بیستبووی ئیستخباراتی بەعس پیلانی کوشتنیان داڕشتووە وتبووی (چ نیە، من لە دوژمن ناترسم).

هەروەها نەفسیەت بەرزو دڵ و دەروون فراوان بوو، کاتێك فەرماندەی هەرێمی 7 بووە ئەو برە پارەیەی کە وەك یارمەتی ناوناوە دەدرا بەپێشمەرگە، دەدرێت و هەر پێشمەرگەیەك بڕی پێنج دیناری بەردەکەوێت، لەوکاتەدا شەهید ملازم سەید کەریم کە تەنانەت یەك دیناریشی پێنابێت، یارمەتییەکەی خۆی کە هەر پێنج دینار دەبێت، دەدات بە پێشمەرگەیەکی خێزاندار.



شەهید ملازم سەید کەریم-قادر خەبات



**پێشبینی شەهیدبوونی خۆی کردبوو**

هەڤاڵ مام جەلال لە بیرەوەرییەکانیدا لە بارەی ئەم شەهیدەوە دەڵێت: رۆژێکی هاوین بوو لەباخەکەی خانووەکەی سورداش خەریکی نەخشەکێشانی هەندێك پۆستەر بووم بۆ شەهیدانی سەرکردەو نەمران، دەمویست پێنج پێنج لەناو ئەستێرە سوورەکەی دروشمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا جێیان بکەمەوە، پێنج ئەندامی مەکتەبی سیاسی، پێنج ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی، پێنج ئەفسەرو... تاد.

لەوکاتەدا سەید کەریم-م لێ پەیدابوو قەمسەڵەیەکی نوێی نابوو بەشانییەوەو بەدەم پێکەنینەوە بەرەو رووم هات، لێمپرسی: سەید گیان سەرماتە وا قەمسەڵەت داوە بەشانتدا؟ لە وەڵامی وتی: (نەخێر، بەڵام ئەو قەمسەڵە جوانەم تازە لۆهاتییە، خوشکم لۆی هێناوم زۆرم بەدڵەو پێموایە بەشی چەندین زستانی ئەم کوردستانە دەکات، منیش وەك منداڵ کە جلی جەژنی دەدەنێ پێش رۆژی جەژن تاقیدەکاتەوە، وا بەخۆمداداوە).

کە لێم نزیکبۆوە، وتی: (ئەوە چ دەنووسی)؟، وتم: نەخشەی پۆستەری شەهید، چواریانم لەیادەو پەکم لەسەر پێنجەمیان کەوتووە، وا شەهیدی هێژا برایم عەزۆ لەناو ئەستێرە سورەکەدایەو سێ سوچیش بەشەهیدانی قارەمان و دلێر: حەسەن خۆشناو، جوامێر سایەمیرو جەمال خۆشناو پڕدەبێتەوە، بەڵام لەسەر پێنجەمیان داماوم.

ئەویش بەقاقای پێکەنینە خۆشەکەی خۆیەوە وەڵامی دامەوەو وتی: (ئەوەش چ نییە، حەزدەکەیت من لوت پڕدەکەمەوە).

کە شەهیدبوو، یەکسەر ئەو وتەیەی خۆی خزاندەوە ناو دڵ و دەروونم، دیاربوو سەید کەریم لەمەشدا هەر راستگۆو هەر راست و وەفادار بوو.

**تاجی سەروەریی لەسەر نا**

ماوەتەوە بڵێین شەهیدی سەرکردە ملازم سەید کەریم چەندین پلەوپایەی سەربازی و سیاسیی بەسەرکەوتووانە بریوەو دواپلەشی ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بوو.

بەداخەوە، رۆژی 1984/9/15و لەکاتی وتوێژی نێوان یەکێتیی و رژێمی بەعس، لەکاتی گەڕانەوەی لەگەڵ دوو پێشمەرگەی قارەمان و هاوڕێی بەناوەکانی (نەهرۆ عەبدوڵڵا و سەباح مەجید) لە بازگەی تاسڵوجەی نزیك سلێمانی بەپیلانی رژێمی بەعس شەهیددەکرێن و دەگەنە کاروانی نەمرانی کوردو یەکێتیی نیشتمانیی کودستان.

**شەهید سەباح**

شەهید سەباح مەجید مەلا یوسف، لە ساڵی 1956دا لە گوندی هاودیان لە دایکبووە، دەرفەتی خوێندنی بۆ نەڕەخساوە، ساڵانی 1978 - 1979 لەلایەن حکومەتی عیراقەوە دەستگیرکراوە، لە ساڵی 1982دا پەیوەندیکردووە بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە، رۆژی 1984/9/15 لەگەڵ شەهیدان سەیدکەریم و نەهرۆ عەبدوڵڵا بە پیلانی موخابەراتی بەعس، شەهیدکران.

**شەهید نەهرۆ**

شەهید نەهرۆ عەبدوڵڵا سەلیم، لە ساڵی 1958دا لە کەرکوك لە دایکبووە، خوێندنی ناوەندی لە هەولێر تەواو کردووە، ساڵی 1981- 1982 کۆلێژی ئاداب بەشی ئینگلیزی تەواو کردووە لە زانکۆی بەسرە، لە سەرەتای ساڵی 1984 پەیوەندیکردووە بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە، رۆژی 1984/9/15 لەگەڵ شەهیدان سەید کەریم و سەباح مەجید بە پیلانی موخابەراتی بەعس، شەهیدکران.

**وەرگیراوە**

# گرنگی و بایەخی شوێنەوارەکان و چەند سەرنجێك

## ڕەووف محەمەد ئالانی

ئەوەی بۆتە مایەی شانازی ڕابوردوومان، کەلتورو مێژووی باپیرانی ئەم گەلەیە، ئەو شوێنەوارانەی کە لەناو سنگی خاکدا، پارێزراون، بۆئەوەیە ڕابردووی پڕ شکۆو ڕووداوو کارەسات و شێوازی حوکمڕانی و جۆری دەسەڵاتەکان و ناسینیان، نەفەوتێت و جیابکرێنەوە و بە نەوەی داهاتوو ئاشنا بکرێن، بۆیە بایەخی شوێنەوارەکان زۆرگەورەن و نابێ بە سانایی و سادەیی بکرێنە مەبەستی تایبەت و کەسی، کەسایەتیەکی گەورەی وەك ( عەبدولرەحمان ئەبو زکری) ئاوا باسی شوێنەوار دەکات و دەڵێ: ( لەشوێنەوارەکەدا گێڕدرایەوە، کە مرۆڤەکان سێ جۆرن، زانایەك، کەسێکی خوێندەوار، دڕندە، دڕندەکان لەناو ئاگردان، کەواتە بزانە سەربەکامیانیت).

ئەو دەربڕینە زۆر شتمان پێدەڵێ و ئاشنامان دەکات، بە شوێنەوارەکان وجۆری ژیان و مێژووی گەلان ، و پۆلێنکردن و زانینی ئاستی شارستانی و چاخ و قۆرخکاری وداگیرکردن و جۆری پەیوەندی و ڕادەی توانای دەسەڵات و قەڵەمڕەوی، ئەو حوکمڕانانەی سەردەمە جیاوازەکان.

دیارە کوردستانیش لە بوونی سەدان شوێنەواری گرنگ بێبەش نیە، زۆریان دۆزراونەتەوەو کنەوپشکنینیان بۆ کراوە، لە ئەنجامدا، توێژەران و شیکەرەوانی بواری شوێنەوار، گەیشتونەتە، ئاکامی گرنگ و دڵخۆشکەر بۆ مێژووی ڕابوردووی گەلەکەمان ، لەوانە گوندی چەرموو و گوندی بێستان سوورو ئەشکەوتی هەزار مێرد و شوێنەواری قزقاپان و شارستانێتی دێرینی زەرزی و زۆریتر.

جگە لەو شوێنەوارانەی دۆزراونەتەوە و خراونەتە سەر ڕەفەی مێژوو یان لەمۆزەخانەکاندا کراونەتە بەڵگەی حاشا هەڵنەگری ڕاستی و دروستی مێژووی زێرینمان، سەدانی دیکەش هەن، هەر لەناو سنگی خاکدان و مرۆڤی ئەم سەردەمە پەیپێنەبردون و نەدۆزراونەتەوە، نابێ وا دەستەوستان دانیشین و بێ بایەخ سەیریان بکەین، وەك (ساموێل جۆنسۆن) دەڵێ: (هەموو سەرسوڕمانەکان کاریگەری تازەگەرییە، لەسەر نەزانی).

دیارە ئەم وتەیە، تەواو تەباو گونجاوە بۆ ئەو شوێنەوارانەی کە نەدۆزراونەتەوە، بەڵام کاتێ دەستی زانین پێیان دەگات و شاراوە و نەزانەکان، دەبنە جێی سەرسوڕمانی هەمووان، ئینجا ئاشنامان دەکات بەوەی نەمازانیوە.

ئەوەی تێبینی من و دەیان کەسە، لەسەر شوێنەوارەکان، بۆتە مایەی خەمێکی قوڵ و ناخ هەژێن، چونکە وەك پێویست مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسەگرنگە نەکراوە، لەم هەرێمە بچووکەی ئێمەدا، ساڵانە چەندین کەس بەشی شوێنەوارناسی تەواو دەکەن و دەردەچن، جگە لەوەی چەندین ساڵە دامەزراندن بۆوەزارەتی تایبەتمەند و بەتایبەتی و هەموو سێکتەرەکانی تر، وەستاوە و کەس دانامەزرێت.

وەك ئاگاداریشین، چەندین ڕێکخراوو زانکۆی جیهانی باوەڕپێکراو، بەمەبەستی کنەو پشکنین، دێنە کوردستان و مۆڵەت وەردەگرن بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان، ئەوە جێی دەست خۆشی و دڵخۆشیە، کە ئەوان بێن و مێژووی گەشی ئێمە بنەخشێنن، بەڵام لەو تیم و گروپانەی بەو کارانە هەڵدەستن، پلان و بەرنامەیەکی گونجاویان نیە، تا بەشێکی زۆر لەو دەرچووانەی دانەمەزراون، لەگەڵ ئەو تیم و گروپانە دابنرێن و کاربکەن، پێویستە وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار بەپلان کار لەسەر داواو خواستی ئەو کەسانە بکات، نەك ئەوانەی دامەزراون و فەرمانبەرن، یان بەهەرهۆیەك بێت، دەخرێنە ئەو لیژنەو تیمانە، دیارە سودێکی زانستی و ئەزمونی بۆیان هەیە، جگە لەوەی دەبێتە دەستکەوتێکی مای باش و بژێوی بۆ خۆیان و کەسوکاریان.

چونکە ئەو پلان و نەخشەی کارکردنانە، دەبێ ئاراستە کراوبن، بۆئەوەی سود وئامانج بەدی بێنن، هەربۆیە (ئەلفرێد مارشاڵ) دەڵێ: (هەموو کارەکان، ئاراستەکراون، بۆ ئەوەی هەندێك کاریگەری دروست بکەن).

لەلایەکی ترەوە پێویستە، ئەو کەسانە بەباشی ڕاهێنانیان پێبکرێت، بۆ چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو تیمانە، ناکرێ کەسانێك بن تەنها بۆکاری بەردەستی و ڕایی کردنی ئەو ئەرکانەی ئەوان گەرەکیانە، واباشە شارەزایی و ئەزمونیان هەبێت، تا ئەوانیش ڕاو بۆچونیان وەربگرن، یان دەبێت نوێنەری وەزارەت و مۆزەخانە لەگەڵ تیمەکان بێت، تا هەموو زانیارییەکان و نەهێنیەکانی ئەو شوێنەوارانە، تۆمار بکرێن و وەزارەتی لێ ئاگادار بکرێتەوە، لەوانەش گرنگتر، ڕێگری لە کاری فرۆشتن و بەقاچاخبردنی شوێنەوارەکان بکرێت، بەوهۆیەی کورد دوژمنی زۆرە، بۆ سڕینەوەو بەلاڕێدابردنی مێژووەکەی، واباشە مامەڵەیەکی دۆستانە و مرۆڤانە بکرێت، گیانی بەرزی خۆشەویستی نیشتمان و مێژوومان بخرێتە سەروو، ئامانجی تایبەت.

(گیای لوبالین)دەڵێ: (هەندێکجار ڕونکردنەوە، دەکەیتە، قوربانی، بۆزیاد بوونی کاریگەری(.

ئەو داوایانەی من بۆ لایەنی پەیوەندیدارن تەنها خەم و دڵسۆزییە، بۆ نیشتمان و مێژوون شوێنەوارەکان و ئەو کەسانەی ئەو بەشە گرنگە تەواو دەکەن و نەتوانراوە، سوودیان لێببینرێت.



### زەنگێکی مەترسیدار بۆ ئەوانەی خەمخۆری ئەم نەتەوە داماوو بێ کەسەن

بەڕێزان سەرنجتان بۆ دیاردەیەکی زۆر زۆر مەترسیدار ڕادەکێشم ، ئەویش زۆر بوونی ناسروشتی ئەو منداڵانەیە کە گەشەیان دواکەوتووەو توشی بیرکۆڵی و ئۆتیزم و ئیفلیجی مێشک ....هتد، بوون کە دەچنە خانەی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت، ئەو ڕێژە زۆرە سروشتی نییەو بروا ناکەم لە هیچ وڵاتێک بە ئەو شێوەی لای ئێمە بێت، ئەوە باسی ئەوانە ناکەین کە توشی شێرپەنجە بوون و پزیشکەکان ئاماژە بۆ زۆربوونی نائاسایی ئەوانیش دەکەن.

بەڕێزان ئەمە پێویستی بە توێژینەوەی زانستی قوڵ هەیە، لێرەو لەوێ باسی هێنانی دەرمان و خواردنی بەسەرچوو دەکەن، یان دەڵێن دوژمنانی کورد لەرێگەی تایبەتی خۆیانەوە ئەیانەوێت تاکی کورد توشی نەزۆکی بکەن یان منداڵەکانیان بیرکۆڵ ببن، ئەمانەو زۆر شتی تر باس دەکرێت ، بۆ ئەوەی لە ئەو ڕێگەوە کۆمەڵگای کوردی توشی ئیفلیجی بکەن، واتە نەیان توانی لە ڕێگەی چەک و پیلانگێریەوە کورد لەناو ببەن، دوور نییە ئەمە پیلان بێت، چونکە ئەم ڕێگەیە ئاسانترین و هەرزانترین ڕێگایە بۆ تێکدانی خێزان و کۆمەڵگای کوردی و سەرقاڵکردنی دایک و باوک بە منداڵە بیرکۆڵ ودواکەوتوەکەیان تا بیر لە هیچ شتێکی تر نەکەنەوە ، ئەگەر ئەمە هۆکار نییە ئەی بۆچی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەی ئەو منداڵانە بە شێوەیەکی ناسروشتی زیاتر دەبن؟؟؟.

د.کەریم شەریف قەرەچەتانی

١٩/٩/٢٠٢٢




# فرایزەر

## بەشی دووەم

## لەناو سلێمانی 1834

## وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: سدیق ساڵح



یەکێك لە خزمەتکارەکەمان گوتی: "ئەم خێرلەخۆنەدیوە دەبێ مێردەکەی یا کوڕەکەی کە تاقە بەخێوکەری بووە، لەدەستدابێ، چونکە -گەورەم- ئەم جۆرە لاواندنەوەیە هەر دەبێ لە یەکێکەوە بێ کە تاقانەکەیی لەدەستچووبێ، ئەوانەیش کە خێزانیان هەیە، لە ماڵی خۆیان دەمێننەوە و لەوێ دەگرین و شیوەن‌دەکەن". یەکێکی‌تریان گوتی: "ڕاستە دەبینی ئاگای لە هیچ نییە، ئەوانە دڵیان پڕە و یەك‌بیرکردنەوەیان هەیە، ئەویش لاواندنەوە و شین و شەپۆڕە. لەبەرئەوە ئەم داماوە دەتوانێ هەر بیر لە لەدەستچووەکەی خۆی بکاتەوە، نەك هیچی‌تر". یەکێکیانم نارد بزانێ کێی مردووە وا بووەتە هۆی ئەم داخ و خەفەتە تاڵە؟ کوڕەکەی بوو، کوڕە تاقانەکەی بوو، هەموو شتێکی بوو لەم دنیایەدا، تا ئاسوودەیی و یارمەتیی پێ‌ببەخشێ، چونکە بێوەژن بوو. ئەو پرسیارە شیوەنەکەی گەرمترکردبوو. ئاشکرا دیاربوو هەژارە، لەبەرئەوە بڕەپارەیەکم دایێ، وەری‌گرت و سوپاسی‌کردم. سوپاسگوزاربوو، لەبەر کۆمەکە ماددییەکە، نەك هاوسۆزی، پارەکەی بە بێ‌بایەخییەوە لەسەر گۆڕەکە دانا و دەستیی بەرزکردەوە، دەستخۆشیی لێ‌کردم و لە خوا پاڕایەوە بۆ هەر کوێ چووم پشتیوانم بێ.

هەر لەو ڕۆژەدا داوام لە پاشا کرد ڕێم‌بدا سەفەربکەم، چونکە شتێکی ئەوتۆ نەبوو پێویست بکا زیاتر لە پایتەختەکەی بمێنمەوە، لەبەر ئەمەش کە ئەو بەدبەختە زۆر سەرقاڵی کاروباری تایبەتی خۆی بوو، بەجۆرێك کە نەدەپەرژایە سەر میوانەکانی و نەیدەتوانی زۆر ڕوویان بداتێ. بەڵام ئەویش هەلی قۆستبووەوە و پێشتر بەدزییەوە بە خزمەتکارێکی گوتبووم، ئاخۆ تفەنگێك یا دەمانچەیەکم شك‌دەبەم، بیانگۆڕمەوە بە ئەسپێکی ڕەسەن، پێی خۆش‌بوو ئەمە بکا. هیچ لاریم نەبوو ژمارەی ئەسپەکانم زیادبکەم و ئەسپێکی ڕەسەنی کوردییان بخەمەپاڵ، بۆیە تفەنگێکی زیادەی خۆم و دەمانچەیەکی دوولوولەم نارد، تەماشایان‌بکا و بزانێ چۆنن. دەرکەوت لە قسەی یەکەمی پەشیمان‌بووەتەوە، ڕەنگە لەبەرئەوە بووبێ کە هەوەڵ‌جار بەتەمابووە هەندێ لەم شتانەی بە شێوەی دیاری چنگ‌بکەوێ، چونکە ڕازی‌نەبوو بە شتێك بیگۆڕێتەوە و هێنرانەوە بۆم. بەم پێیە چەند کەلوپەلێکی بچووکی پێویستم بۆ نارد، پێم وابوو بە دیاری قبووڵیان‌دەکا، بە گفتولفتێکی شیرین قبووڵی‌کردبوون. بەڵام ئەو کەم‌وکورتییەی کە لە گەرم‌وگوڕیی پێشوازیی ئەمڕۆمدا هەستم پێ‌کرد، وای لێ‌کردم گومان‌بکەم کە چاوەڕوانییەکانی پایەبەرزیان بەتەواوی بەدی‌نەهاتوون، ئەمەش وای لێ‌کردم دووبارە سەری لێ‌نەدەمەوە.

ئەمڕۆ دیسان بەناچاری خۆم تووشی یەکێك لەو نائومێدییە هەست‌برینداركەرانە کرد، کە گەڕۆکەکان لەم چەشنە وڵاتە شێواوانەدا دوچاری‌دەبن. دەشتێکی پان و بەرین لە دووریی بیست تا بیست‌وپێنج میلی سلێمانییەوەیە، ئەو دۆڵە درێژە کە ناوی شارەکەی لێ‌وەرگیراوە، لەوسەریدایە؛ وەك دەڵێن، چەند شوێنەوارێکی کۆنی تێدایە، تا ئەمڕۆ چەند ئەوروپاییەکی کەم دیویانە، یا هەرگیز نەیاندیوە. لەو شتانەی‌تر کە بایەخێکیان داوە بەم دەشتە، شوێنی شارێکە پێشینان پێیان‌وتووە سیازوڕوس Siazurus، کەلاوەکانی تا ئێستە لای خەڵکەکە بە شارەزوور ناسراون. دیارە دەست‌بەجێ دەبینی، نزیکیی ئەم دوو ناوە لەیەکترەوە، لەکاتی توێژینەوەدا چ چێژ و خۆشییەك دەبەخشنە پسپۆڕانی ئیتمۆلۆجی. ئەگەر ئەرکێك 'ماکنێل'ی هاوڕێمی هەڵنەپێچایە بگەڕێتەوە بۆ بەریتانیا، بەهیوابووم بیهێنمە ئەم جۆرە شوێنە دوورە و پێکەوە بکەوینە کنە و پشکنینی شوێنەوارە کۆنەکانی شارەزوور. بەڵام کە ئەو پرۆژەیە سەری‌نەگرت، بەڵێنم بەو و بە خۆیشم دا، ئەگەر بکرێ خۆم بچمە ئەوێ و هەرچییەکم دەست‌بکەوێ و بیدۆزمەوە، ساغی‌بکەمەوە.
کە گەیشتمە ئێرە، داوام لە پاشا کرد ڕێم‌بدا بچمە ئەم جێگەیە و چاوساغێکیشم بداتێ، یارمەتیم‌بدا بۆ سەردانی ئەم بەشەی وڵاتەکەی. سەرەتا هیچ پەڵپێکی نەگرت، چەند سەرنجێك نەبێ لەوبارەیەوە کە ئەوێ هەندێ تەپەی لێیە، پڕن لە پارچە سواڵەت و خشت، بەردی داتاشراوی لێ‌نییە. بەڵام ددانی پێدا نا کە گردەکان زۆر بەرز و چەند کۆمەڵێکن، هەر کۆمەڵێکیان مەودایەکی دیاریکراو لەوەی‌تریانەوە دوورە. ئەم سەرنجانە لە ئارەزووی بینینی شوێنەکە ساردیان‌نەکردمەوە، لەبەرئەوە دەتوانی حوکم‌بدەی کە چەند دڵگران‌بووم.

کاتێك خزمەتکارەکەم نارد ئەو چاوساغەم بۆ بێنێ کە دەیبردم بۆ تەماشاکردنی شوێنەکە، پاشا وتبووی: "ڕێم لێ‌ناگرێ بچمە شارەزوور و بیبینم، بەڵام ئەگەر سووربم و هەوڵێکی وا بدەم، پێچەوانەی ئارەزووو و ئامۆژگاریی ئەوە، چونکە پێی وایە ئەو ناوە جێ‌ژوانی دز و جەردەکانی هەموو ناوچەکانە. ئەگەر -خودا نەخواستە- شتێك بەسەر ئەسپەکانم‌دا بێ، شەرەفی بە ڕووداوێك لەکەداردەبێ کە ناتوانێ نە ڕێگریی لێ‌بکا و نە نەهێڵێ بقەومێ". وتبووی: "ئەوانە کوردن، حەیوانن، کێ دەتوانێ بزانێ ئەوانە چی دەکەن، کاتێك تەماعی چاوپێکەوتنی ئەو سامانە گەورەیە لەخشتەیان‌دەبا کە دەشێ بکەوێتە دەستیان؟!". بەکورتییەکەی، من دەمتوانی بە بەرپرسیی خۆم نەك هیی ئەو بچم.

ئەمە گەورەکردنی پەڵپ و بیانووە، کە لە ڕۆژهەڵات باش بایەخەکەی دەزانن، لەو هەل‌ومەرجانەدا کە مەبەست ڕێگرتن بێ لە کردنی شتێك، وەك بەرهەڵست خۆی دەرناخا، بەرپرسی دەخاتە ئەستۆی ئەو سەرکێشەی کە سەرباری ئاگادارکردنەوەیەکی بەڕواڵەت باش، پێ لەسەر خواستی خۆی دادەگرێ. ئەوانەیش کە ئاگاداری‌دەکەنەوە، بێ‌بەرییان‌دەکا لە هەموو گوناحێکی سەرەنجامەکانی پەلەکردن، ئەو سەرەنجامانە کە شارەزایانی کەسێتیی ڕۆژهەڵاتی بەتەواوی دەزانن، زۆر ڕێی تێ‌دەچێ هەر ئەو کەسانە کە ئاگاداری‌دەکەنەوە و بیروڕای خۆیانی پێ‌دەڵێن، لێی بشێوێنن و ئاڵۆزی‌بکەن.

من چەند هۆیەکی خۆمم هەیە، وام لێ‌دەکا گومان‌بکەم کە پاشا ڕازی‌نەبووبێ سەر لە شارەزوور بدەم، ترسی لێ‌نیشتبوو ئەم سەردانە هەوڵەکانی پووچەڵ‌بکاتەوە، تا لای ڕای گشتی و بەتایبەت بەرچاوی حکوومەتی ئازەربایجان، وەك هەژار دەربکەوێ، چونکە ئەو ناوچەیە -وەك دەڵێن- دەوڵەمەنترین شوێنی شانشینەکەیەتی و لەوانەیە وا بیربکاتەوە کە بێگانەیەکی لە وێنەی من دەتوانێ لایەنەکانی بایەخداو بەم مەسەلەیە تێ‌بگەیەنێ کە ئەو ناوچەیە دەوڵەمەندە. هەرچۆنێك بێ، پاش ئەوەی هەموو ڕێگەیەکم تاقی‌کردەوە بۆچوونی پاشا بگۆڕم، تەنانەت پاش ئەوەی لە ڕێی فەرماندەی سەربازانی وڵاتی فارسەوە کە لەوێ جێگیربوون (ئەو بە حوکمی ناچاری زۆر کاریگەرە و پێکەنینی بەو هەموو پەڵپ و بەهانانە دەهات، کە بۆ ڕێگرتن لە گەشتەکەم هێنرانەوە)، هەمان داوام‌کرد، دواجار ناچاربووم واز لە پرۆژەکەم بێنم.

پاشا سووربوو لەسەر ئەوەی کە سەرکێشییەکە گەورەیە و ناتوانێ ڕێ بەم هەوڵە بدا، لەبەرئەوە پێملکرام دەست لە سەرکێشیی چوونە شارەزوور هەڵگرم، تا پاڵەوانێکیتر بەختی یاردەبێ و دەیکا. پاشان بیستم پاشا تا ڕادەیەك لەسەر هەق بوو، چونکە شوێنەکە لەم جۆرە وەرزەدا پڕدەبێ لەو دز و جەردانە کە لە ناوچە شاخاوییەکانی کرماشان و هەمەدان و ئەردەڵانەوە بەسەریدا دادەبارێن، کاتێك تاڵانکاری و دزی دەقەومان، زەحمەتدەبوو تاڵانچی و دزان بدۆزرێنەوە و سزابدرێن.

هەر لەکاتی قسەوباسدا کەمێك وردەکارییتِرم سەبارەت بە شارەزوور بیست، ئەوەتا من بەم شێوەیەی لای خوارەوە پوختیدەکەمەوە:

چەند چیایەکی بەرزی عاسی، لە ڕۆژهەڵات و باشوورەوە، سنووری دەشتەکەن، شوێن و کەلاوەی پێنج یا شەش شار یا شارۆچکەی کۆنی لێن، یەکیان ناوی قەڵایە و بریتییە لە گردێکی گەورەی بڵند، پاش ئەوە، یاسینتەپە، گوڵعەنبەر، عەربەت، خەرابە و هیتر هەن، کەسێك یا دووان پێیانوتم: جاروبار لەکاتی هەڵکۆڵینی ئەم دەشتەدا، بەردی قەوارە زل کە نووسینیان بەسەرەوەیە و پێیان وایە بە پیتی ئەوروپایی (یۆنانی) نووسراون، دەردەهێنرێن. دەڵێن: باڵیۆزێك لە تەوریز کاتێك بەڕێوەبووە بۆ بەغدا، بەردێك لەو بەردانەی دۆزیوەتەوە. هەروەها بیستم بەردێکیتری لەم جۆرە، کاتی هەڵکۆڵین لە بەردەکەڕ، گوندێکی بناری چیاکانی باشووری ڕۆژهەڵات کە دەوری دۆڵەکەیان داوە، دۆزراوەتەوە. پیرەمێردێك باسی (بوتخانە) یا پەرستگای وێنەی بۆ کردم لە لایەکی دەشتەکە، ناتوانێ ڕەمزەکانی بخوێنێتەوە. بەمشێوەیە وێدەچێ ئەم وڵاتە ڕۆژێك لە ڕۆژان ببێتە کانگای ئەو شتە باوانە کە نەدۆزراونەتەوە، دەیشڵێن: دەشتەکە سەرتاسەر بە پاشماوەی خانووی کۆن داپۆشراوە، بەڵام لە خشت و سواڵەت و شتی لەم بابەتە بەدەر، بەدەگمەن شتیتری تێدا دەبینرێ.


هەر ئەمڕۆ چاوم کەوت بەم محەمەدخان، سەرتیپ یا فەرماندەی هێزەکانی وڵاتی فارس لە سلێمانی، ئەم هێزە پێكدێ لە کەمتر لە چوارسەد پیاو و هەشتا تۆپچی و پێنج تۆپی ئاسایی و دوو تۆپی هاوەن. بێگومان فەرماندەیییەکی بچووکە، بەڵام سەروەڕ بەشی ئەرکی قووتدانی وڵاتەکە و تاڵانکاری دەکا، کاتێك ناتوانن بە ڕێگەیتر ئەوەندە پەیدابکەن بەشیان بکا.
ئەوەی ڕاستی بێ، هیچ پارچەیەکی وڵاتی فارس یا وڵاتانی دراوسێی، بە بارودۆخی ئێستەیەوە ناتوانێ ئەرکی سوپایەکی کارا ڕاپەڕێنێ و بژیوی دابینبکا. میری کرماشان هەوڵدەدا ئەم ویلایەتە وا بمێنێتەوە سەر بە وڵاتی فارس بێ، دژ بە پاشای بەغدا کە ئاسایی سەر بە حکوومەتەکەیەتی و کاتێك دەیەوێ بە خەرجی و تێچوویەکی کەمی حکوومەتەکەی خۆی ئەوە بکا، دەکەوێتە وێرانکردنی هەموو شتێکی. محەمەدخان، بە چاوپۆشین لەو لایەنە کە خەرجییەکانیی لێ وەردەگیرێ، پاڵەوانێکی لێوەشاوەی پارێزگاریی باڵادەستیی سەرگەورەکەیەتی دژ بە هەموو جیهان. تۆ ئەگەر هەموو ئامرازێك و مۆڵەتی پێویستت داینێ، دەتوانێ میر لە ڕەواندز قڕتیبخا و پاشای بەغدا لەناو میزۆپۆتامیادا قەتیسبکا و سنوورەکانیی لێداخا، لە کاتێکدا تەنیا بە سێسەد سەرباز و نیوەی ئەم ژمارەیە پیادەوە، توانیی گەرمیان یا وڵاتی نزمایی، لە مووسڵەوە تا خانەقین و لە کرماشانەوە تا نزیکی دەروازەکانی بەغدا داگیربکا. لەڕاستیدا کاتێك دەستی لە بەدیهێنانی شتێکی زۆر مەزن هەڵگرت، کە پاشا چەند دیارییەکی گرانبەهای پێشکەشکرد و زۆر پەلپ و عوزرخوایی ئاشتییانەی بۆ هێنایەوە. ڕاستییەکەی، سەرتیپخان سەر بە چینێکی فارسەکانە کە ژمارەیان یەکجار زۆرە، 'مۆرییێر' بە باشی وەسفیکردوون: ئەوانە لە خۆهەڵکێشە هەرە خراپەکانن لە سروشتدا و هێشتا وەك خۆهەڵکێششەکانی زۆربەی وڵاتانیتر، لە ئازایەتییان کەمنییە،
لە کاتێکدا گوێم دەگرت لە چیرۆکی شاکارەکانی خان و ئەو ستایشانە کە لە شاهنشاوە بەدەستیهێنان و چاوپێکەوتنی پایەبەرزیان خۆی؛ لە وتارە قەبەکانی شازادەی جێنشین و بەڵێنی پایەبەرزی شاهانەیان بە شمشێرێکی زێڕکفتکراو؛ لە نارەزایەتییە تاڵەکانی کە ڕێز لە لێهاتوویی نەنراوە، نە کرێی تەواوی دراوەتێ و نە سەرمووچەی پێویست و مۆڵەتی ناچاریی نییە بۆ سەردانی خێزانەکەی (کە پێنج ساڵە لێی دوورکەوتووەتەوە)، بەڵکوو بە پێچەوانەوە، فەرمانی پێدەدرێ ڕووبکاتە ئێرەوئەوێ بۆ پەلامارданیتر، چونکە هەر محەمەدخان دەتوانێ کار بە باشترین شێوە جێبەجێبکا. بەکورتی، بێزاریی لەو ڕاستییە بێبەردەیە کە حکوومەت دەیزانی سەرتیپخان چ خزمەتکارێکی چاکە، بەڵام نەیدەزانی چۆن کەڵکی لێوەربگرێ.




دەڵێم: کاتێك گوێم لەم هەموو قسانە دەگرت، فێری زۆر شتی گرنگ و خۆش بووم، زۆر شت کە حەزمدەکرد شارەزایبم سەبارەت بە وڵاتەکە و پاشای ڕەواندزی دوژمنی. کاتێکی زۆریشم بە ڕابواردن بەسەربرد، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە پێموایە توانیم خانی دەستپاك، کە لەڕاستیدا پیاوێکی ڕاستگۆی دڵسۆزە، قایلبکەم وەك هەر یەکێك لە ئێمە پیاڵەی شەرابی خۆی بخواتەوە.

**سەرچاوە: جیمس بیلي فریزر، رحلة فريزر الى بغداد في ١٨٣٤، ط١، نقلها الى العربية وعلق حليها جعفر الخياط، مطبعة الحقوق، بغداد، ١٩٦٤، ص٢٩-٤١.**







# خەسرەو محەمەد

- 1965لەسلێمانی لە دایکبووە.
- 1985 پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی بەشی نیگار کێشان تەواو کردووە.
- ئەندامی یەکێتی هونەرمەندانی یەکگرتووی کوردستانە .
- ئەندامی کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی  کوردە.
- ئەندامی کۆمەلەی هەشتە
- 1988پیشانگەی هاوبەشی  لەگەڵ هونەرمەند  (کەمال عەلی) لە گەلەری سلێمانی .

هاوبەشی ئەم پیشانگایانەی کردوە

- فستڤالی سالانەی پەیمانگە تاسالی 1985
- 1990هونەرمەندانی کورد  - هەولێر
- 1991 هونەرمەندانی کورد - ئەلمانیا
- 1992 یەکەم پیشانگەی کۆمەڵەی هەشت - سلیمانی - مۆزەخانە
- 1993 دووەم پیشانگەی کۆمەڵەی هەشت - هەولێر - دهۆك
- 1994 دووەمین فستڤالی شێوەکاری - رۆشنبیر سلێمانی
- 1994 سێهەم پێشانگای کومەلەی هەشت - سلێمانی مۆزەخانە
- 1995 چوارەم پێشانگای کومەلەی هەشت - گەلەری سلێمانی
- 1995 پێشانگای کۆمەڵەی هەشت و هاورێیانی شێوەکاری بە هاوبەشی - هەولێر



khasraw muhamed 1989 oil on canvas 110 x90



khasraw muhamed oil on canvas 110x90- 1989



khasraw muhamed oil on canvas 100 x 70

- 1995 پێشانکابۆ شانۆگەری ( کالیگۆلا ) هۆلی رۆشنبیری
- 1995خولی یەکەمی پێشانگای گەلەری زاموا
- 1995 کۆمەڵەی هەشت و هاور
- 1996 فیستڤالی رۆشنبیری - هۆلی رۆشنبیر
- 1996 خولی دووەمی پێشانگای گەلەری زاموا
- 1996 پێشانگای گەلەری ئەربیلا
- 1996 پێشانگەی یادی هەڵەبجە - هۆلی مۆزەخانە
- 1997 پێشانگای تایبەتی - گەلەری سلێمانی
- 1997 پێشانگای هاوبەشی هونەرمەندان بۆ ( شەهیدان ) - حەوشی بلور
- 1998 پێشانگای هەشتەمی هونەرمەندانی سلێمانی - هۆلی رۆشنبیری
- 2000 پێشانگای هەمیشەیی هونەرمەندان - گەلەری کۆمەڵ
- 2001 پێشانگای ئەنفال و کیمیاباران
- 2002هونەرمەندانی سلێمانی هەولێر ( میدیا )
- 2003 شەشەمین ڤیستڤالی هەڵەبجەی شەهید - مۆزەخانەی سلیمانی
- 2003 پێشانگای گروپی کوردستان - بغداد ( قاعە الحوار )
- 2004 یادی 21 ساڵەی یەکێتی هونەرمەندان
- 2004 کۆمەڵی لە هونەرمەندان - سنە
- 2004 لە پێناو دوبارە نەبونەوەی ئەنفالدا - سلێمانی
- 2006 خولی گەلەری زاموا






khasraw muhamed 1988 oil on canvas 110 x90



khasraw muhamed 1989 oil on canvas 110x90



khasraw muhamad 1995 oil on canvas 110 x90

# ئێران لە نێوان خۆپیشاندانەکان و وڵاتانی دژدا

## سەرکەوتی جیهاز و بەختیار نامیق

ئەگەر واقعی خۆپیشاندانەکانی ئێران وەک خۆی بخوێنینەوە ، نەک ئەوەی خۆمان دەمانەوێ ، ئەوا دەبێت پاڵنەر و سەپاندنەکان شیبکەینەوە ، بەدەر لەمە خۆپیشاندانەکان ئەگەر چی داواکارییەکان و دروشمەکانیان داواکردنە بۆ ئازادی و چاکسازی لە دەستور و مافەکاندا بەڵام مەرگی ژینا دەبێتە وەرچەخانێکی باش بۆ خەباتی ژنان بۆ ئازادییەکانیان بە تایبەت یەک هەڵوێستی و یەکانگیری نەتەوەکانی ئێران و ئەو پشتیوانیە ناوچەیی و جیهانیە بۆ ئەو خۆپیشاندانە و بە تایبەت کە کورد دەبێتە سەرمەشقی یەکێتی ناوەکی ڕای نەتەوەکانی ئێران ، وە پاڵپشتی کەسە ناودارەکان و بە تایبەت داورییش کە کاریگەری گەورەی هەبو لەسەر خۆپیشاندانەکان.

هەمو گۆڕانکارییەکان لە حکومی دەستەڵاتەکاندا کە کراوە هۆیەک یان سیناریۆیەکی دەرەکی لە پشت بوە ، واتا ڕوخاندنی حکومەتەکان لەبەرژەوندی هاوبەشی وڵاتە زل هێزەکانەوە هاتوە ، ئەوەی ئەمڕۆ لەسەر سەکۆی ئێرانی دەبینرێ وەک خۆپیشاندان کەڵەکە بوی دنیایەک گوشارە و لە ژینا ئەمینیدا دەتەقێتەوە ، ئەم تەقینەوەیە کە گەیشتوەتە خۆپیشاندان و جۆرێک لە یەکانگیری نەتەوەکانی ئێرانی لەسەر خاڵی ئازادی هاوبەش کۆکردوەتەوە ، دەتوانین هۆکاری گەورە بونی خۆپیشاندانەکان لە چەند خاڵێکدا کۆبکەینەوە و پاشان ئەو هۆکارانەی وا دەکەن کە دەرئەنجامی خۆپیشاندانەکان یەکسان نابێت بە خەونی گۆڕینی ڕژێم یان ڕوخاندنی ئاخوندەکان و ڕژێمی فەقێکان :

هۆکاری خۆپیشاندان و گەورەبونی بۆ شارەکانی تر :

١-برسێتی و گرانی کاڵا ، بە هۆی گەمارۆی ئابوری .

٢-نەبونی ئازادییە تاکە کەسیەکان.

٣-نەبونی ئازادی ژنان .

٤-نەبونی ئۆپۆزسیۆنێک کە بتوانێ ڕابەرایەتی کۆی ناڕەزایەتی و ماف و نەهامەتیەکانی گەلانی ئێران بکات.

٥-فەشەل هێنانی پرۆژەکانی بەرەی ڕیفۆرمخوازان.

٦-فەشەل هێنانی دەرئەنجامی کۆی خۆپیشاندانەکانی پێشو بە تایبەت شۆڕشی سەوز.

٧-فەشەل هێنانی ئۆپۆزسیۆنەکانی دەرەوەی ئێران ، هەر لە مجاهیدینەوە بۆ تودە و کۆمەڵە و دیموکرات.

٨-بێ هیوابون لە هەوڵەکانی وڵاتانی دژەئێران بۆ کۆتایی هێنان بە حوکمی ئاخوند.

ئەو هۆکارانەی وا دەکەن کە خۆپیشاندان نەگاتە ڕوخاندنی حکومەت و دەستەڵاتی ئاخوندییەکان:

١-دوو هێز گرنگە بینە بەشێک لە خۆپیشاندەران (هێزەچەکدارەکان و هێزە ئەمنییەکان) تا ئێستا جگە لە چەند هێزێکی لاوەکی هێزە گەورەکانی وەک سوپای پاسداران و ئیتلاعات بێ دەنگن.

٢-هێزە دژە ئێرانیەکانی وەک ناتۆ و ئەمریکا جگە لە کۆمەڵێک پشتوانی سارد هیچ هەڵوێستێکی سیاسی و سەربازییان نیە.

٣-بایکۆتکردنی دەوامی حکومی یەکێکە لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی خۆپیشاندان و ئیفلیج کردنی حکومەت بە تایبەت وەزارەتەکانی (ناوخۆ ، دارایی ، پەروەردە ، تەندروستی) ئەمانە تا ئێستا هیچ بایکۆتێکیان نەکردوە.

٤-هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی دەرەوەی ئێران تا ئێستا خۆیان نەکردوە بە بەشێک لە خۆپیشاندانەکان جگە لە پشتوانیەکی سارد .

٥-نەبونی ڕێبەر و ڕابەرێکی جدی بۆ خۆپیشاندانەکان.

سەرەڕای هەمو ئەمانەش لە ئاستی نزمتر لە ڕوخانی کۆی سیستەمی ئایدۆلۆژیای دینی بۆ ئازادی ژنان توانیویەتی گوشار دروست بکات بۆ ئازادییەکان .

کێشەی ئازادی ژنان لە نێوان ئایدۆلۆژیاکاندا ( ئاینی و سەرمایەداری ) جگە لە بەرهەمهێنانی قوربانی و کۆیلە بونی ژنان هیچ بەرهەمێکی تری نەبوە ، بۆیە کاتێک داوای ئازادی ژنان دەکرێ و ژینا خوێنی دەبێتە شۆڕشێک ، گرنگە خزاندن نەبێ لە ئەیدۆلۆژیای دینیەوە بۆ سەرمایەداری .

خوێنی ژینا دەبێتە سەرەتایەکی باش بۆ ئازادی ژنان ، بەرخودانێکی زۆر باشە بۆ یەکدەنگی نەتەوەکانی ئێران بۆ داخوازیەکانی تر.




## نەسرین

نەسرین دەمێکە داخت لە دڵمە
گیرۆدەی بەندی، ژیانت زوڵمە
وا من پێت ئەڵێم چونکە لەسەرمە
هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە
سەرپۆش فڕێدە چ وادەی شەرمە
***
ئەمڕۆ زەمانی عیلم و عیرفانە
عالەم شەو و ڕۆژ وا لە فرمانە
فەرقی نێر و مێ نییە بیزانە
هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە
سەرپۆش فڕێدە چ وادەی شەرمە
***
مەڵێ من کچم، تۆش وەکوو منی
موحتاجی عیلم و فەن و خوێندنی
مەجبووری ئیش و خزمەت کردنی
هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە
سەرپۆش فڕێدە چ وادەی شەرمە
***
هێندە دانیشتی پشتت چەماوە
زەرد و لاواز بویت هێزت نەماوە
کچی بێگانەت خۆ لەبەرچاوە
هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە
سەرپۆش فڕێدە چ وادەی شەرمە
***
خشڵ و جوانیی تۆ حەیا و فێربوونە
پاشەڕۆژیشت هەر بەوان ڕوونە
کچی بێ عیلم دیل و زەبوونە
هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە
سەرپۆش فڕێدە چ وادەی شەرمە
***
وەک خوشک و برا ئەبێ هەردووکمان
قۆڵی لێ هەڵکەین بچینە مەیدان
تا کورد بەرینە ڕیزی میللەتان
هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە
سەرپۆش فڕێدە چ وادەی شەرمە

فایەق بێکەس

# فەرشی سوور

سەروەرییەکانی خەباتی رزگاری خوازی کورد ، پڕە لە نهێنی گەورە و مەزنی ،هەزاران نەبەردی و چالاکی و داستان ، بیرەوەری تراژیدیای تاڵ .

دەیان پێشمەرگەی دێرینی ون ، لە وێستگە جیا جیاکانی رۆژانی شۆڕش و تراژیدیا ونەهامەتییەکان دا ، سەربازی ون بوون و رۆڵێ پڕ لە جەربە زەیی و جوامیری یان نواندووە .

ویستگە جیاجیا کانی ئەو زنجیرە رووداو مەرگەساتانە پڕلە تەمی نهێنی و تارمایی پەنهانی تۆمار نەکراو.
ئەوسا پێشمەرگە بە عەشقی خاک وزمان و کلتوریی نەتەوەکەی ،بە رەوشت و هەلوێستی پێشمەرگانەوە ، بە ورەو ئیرادەیەکی قەندیل ئاساوە ،بەر رەنج و ماندوو بوونی بێ سنوور دوە ، بە خوین لاپەرەی یادەوەرییەکانی مێژووی دەنەخشاند .

ئەو پێشمەرگە ونانە ، ئەفسانەی داستانی ئەو سەردەمە بوون بە خوێنیان ، دەیان وسەدان وهەزاران لاپەرەی چیرۆک ورۆمان وسیناریۆی فیلمی سینەمایی یان نەخشاندوەو تۆمار نەکراون .

ئەوسا هیچ بەرژەوەندییەکی تایبەتی نەبوو ، پێشمەرگە عاشقی رۆحی خاک و زمان وکلتوری نەتەوەکەی بوو،بەوەفا و بە ئەمەک بوون بۆ هاورێ شەهیدەکانیا ن ، لە کاتی چالاکییەکان دا ، دەیان پێشمەرگە ، ژیانی خۆیان دەخستە مەترسی مەرگەوە ،تەرمی شەهیدو جەستەی برانداری هاورێکانیان داوە بە کۆڵیان داو بە ناو رەتڵی تۆپ باران و ریژنەی گولەدا ، دەربازیان کردون بۆ ئەوەی دەست داگیر کەر نەکەون .

دەیان پێشمەرگە لە کاتی هەڵمەتی گرتنی رەبایە کان دا،پێشبرکێ یان لە گەڵ مەرگ دا دەکرد ، چەندان پێشمەرگە بەسەر کێڵگەی مینا کان دا هەنگاویان دەنا ،باوەشیان بە مەرگێکدا دا دەکرد،بۆ ئەوەی هاورێ کانیان رەبایەکە بگرن و چەند چەکێک بەدەست بهێن ،درێژە بە شۆڕش و ێشمەرگایەتی و نەبەردەکانیان بدەن.

زیندانییە سیاسییەکان لە زیندانەکان دا ، بە سروودی نیشتمانییەوە تە حەدای جەلادەکانیان دەکرد، ورەیەکی ئەوەندە باڵا و پۆلاینیان هە بوو ، بە هەڵوێستەکانیان جەلا دەکانی پەت و سێدارە یان شەرمەزاردە کرد .

کام بستە خاک؟پێ دەشت وگردۆلکەو لاپاڵ و کۆڵان وشەقام وگەرەک وزیندان نەماوە ،بە خوینی پێشمەرگ.و زیندانیانی سیاسیی سوور نەکرابێ..؟

لە دوای راپەرینەوە ،سەرکردەی حیزبەکان ، بە پلان وبەرنامە و نەخشە ی داگیرکەرانی نیشتمان ،بوون بەجۆرێک بوون بە سێبەری داگیرکەران ، هاوکێشەکانیان بە جۆرێک شێواند ، بە جۆرێک ئاراستە کران ، بەهای ئەو هەمووسەروەری و ئەو هەموو نەبەردی وچالاکی وداستانانەی ێشمەرگە یان ، بەجۆرێک کاڵ کردوە ،بەهای شکۆکان یان رووبەرووی دەیان پرسیارو گومانی تەماوی کردووە .

عەقڵی داخراو مەزاجی سەرکردەکان ، ئەوەندە بچوک و کورت بینە ، لە 1991 تا 2022 ئەوە 31ساڵە نەیانتوانیوە ، لە چوارچێوەی دسپلین و پرانسیپی حیزبە چەق بەستوو کانی سەردەمی عەقڵی بنەماڵە و خێڵەکی شاخەوە هەنگاو بنێن ،بۆ نیشتمانێک تا چەندان ساڵی تر کاریگەرییە تراژیدییەکانی رەشەبای ژەهرو ئەنفال ی لە سەر ناسڕێتەوە .

سەدام ،بەعس ، عەلی حەسەن مەجید لە 21/ 2/ 1988 تا 6 / 9/ 1988، لەماوەی 198 رۆژ ، لە سەرقەڵای گەرمیانەوە،تا دوا خاڵی سنووری زاخۆ ئەنفالی کوردی بە 8 قۆناغ کرد ، بێ جیاوازی جوگرافیا .





بەڵام عەقڵی بەستەڵەکی سەرکردایەتی سیاسیی کورد و پەرلەمان و حکومەتی هەرێم تا ئێستا جیاوازی نێوان جوگرافیای هەولێرو چوگرافیای سلێمانی دەکەن و تا سەرئێسقان بە دەیان سیناریۆ لە بەهاو شکۆی نەتەوەو نیشتمانی کەم دەکەنەوە .

ئەم کلتوری رق و تۆڵە و تۆڵە کردنەوەی سەرکردەکانی کورد زۆر لە ئەنفال و کیمیا بارانی نیشتمان مەترسی ترە .

با رەنجی لە بن نەهاتووی پێشمەرگە ونەکان و زیندانیانی سیاسیی وخوێنی شەهیدان نەکرێن ،بە قوربانی فەرشی سو وری عەقڵی چەق بەستووی سەرکردەکان و ئەو گرێ ئاڵۆزییە دەروونیانەی ، ئەم نەتەوەو نیشتمانەیان بەم تاریکستانە ی ئێستا گەیاند .

**عەبدوڵڵا کەریم مەحمود**

# باوک

-------

• کاتێ باوکت سەرزەنشتت دەکات
تۆی خۆش دەوێت .

• کاتێ زۆرت لێدەکات ،
خێری تۆی دەوێت .

• کاتێ تۆ ئەو بە بێ دەنگی دەبیینی :
لە ڕاستیدا بیر لە داهاتووت دەکاتەوە .

• کاتێ بە باڵای تۆدا خەرخ دەکات : بزانە کە لە خۆی دەگرێتەوە .

• کاتێك کە پێدەکەنێت :
بزانە کە تۆ دڵ خۆشت کردوە .

• کاتێك کە ئەو بە عاجزی دەبینیت :
بزانە کە تۆ ئامۆژگاریەکانی قبوڵ ناکەیت .

• کاتێك کە دەرگای ژورەکەی لەسەر خۆی دادەخات :
بزانە کە دەگرییەت .

• کاتێك کە دەنگی خۆت بەسەر ئەودا بەرز دەکەیتەوە :
وەکو ئاوێنەیە کە تۆ دەیشکێنیت.

• کاتێك کە خۆت لە سەرگەردانی و لە دەستچووی دەبینیتەوە :
بزانە کە ئەو لە تۆ نا ڕازی و بێتاقەتە .

• کاتێك کە بینیت کۆچی کردوە و مردووە ئیتر نەیتوانی قسەت لەگەڵ بکات :
بزانە کە پشتوپەنایەکی گەورەت لە دەستداوە و لە ژیانتا شوێنێکی خاڵی دروست بووە . کە ئیتر بە یادی باوك پر نابێتەوە .

★ ئەگەر ئێستا باوکت زیندووە ، قەدری بزانە و سەرپێچی مە کە لە هەر بریارێك و خەفەتێکی چونکە دڵی ئازاری دەبێت ، وە ئەگەر گیانی سپاردوە بە حەق الله گیان لێی خۆش بێت و وە نزای خێری بۆ بکەن .

وەرگیراوە
وێنەکەش لە گوگل وەرگیراوە





# بەیادی جاران...

## ئەرشیفی وێنەکانی شاخ..

سێ دڵۆپە خوێنی ڕووباری کاروانێکی بێ کۆتایی..
سێ ڕۆحی سپی مانگەشەوی شینکایەتی .
سێ عاشقی گەردن ئاڵتوونی.کێوی گردە ڕەش.
سێ وێنەی نەمری مێژووی لووتکەی بەرزترین چیای گەردن سەووز..
شوێن..
شاخی گردەڕەشی نزیک ماوەت..
مانگی 5_1986
ئەو شوێنە تاقە خێمەیەکی لێ بوو..پێشمەرگەکانی تیپی 37 شارباژێر لێبوون.پارێزگاری..ئەو زنجیرە شاخەیان دەکرد..هەفتەی جارێک کەرتەکانی یەک.و. کەرتی سێ.ئاڵوگۆڕیان دەکرد.شاخێکی زۆر سەخت وناخۆش بوو..بارەگای کەرتی یەک.و.کەرتی سێ لەگوندی باساوێ بوو..ڕۆژانە بەوڵاخێک ئاومان سەر دەخست.و.زۆر جاریش خواردنمان لێ دەبڕ.دەهاتین لەباساویەوە.نان.و.پێداویستەکانی ترمان دەبرد..ناخۆشترین شت..سەرکەووتن بوو.لەباساویەوە..بۆشاخی گردەڕەش..ئەم وێنەیە..یەکێکە لەوڕۆژانەی.کە.کەرتی سێ هاتن.و. کەرتی یەکیان گۆڕی..
شاخی گردەڕەش
کەرتی سێ..تیپی 37 شارباژێر..
ڕاوەستاوەکان..لەڕاستەوە.
1..شەهید جەلال عەبە دالال.لەمانگی سێی1991 لەکەرکوک شەهید بوو
2 ..شەهید عوسمان ماوەتی فەرماندەی کەرت بوو.لەتیپی71 بەتالیۆنی حەووت..لەمانگی سێی..1991 لەکەرکوک شەهید بوو..تەرمەکەی بەجێ ما دوای ڕووخانی حکومەتی عێراق2003 تەرمە پیرۆزەکەی دۆزرایەوە هێنرایەوە بۆسلێمانی
3.. شەهید ئاوات شاناخسێی.پێشمەرگەی کەرتی سێی..تیپی 37 شارباژێر.لەمانگی4 ساڵی1987 لەشاخی کاساوانی شاناخسێ شەهید بوو..ڕۆحی نەمران شاد بێت..ئەم وێنەیە بەکامێرای خۆم گیراوە..خۆم ئەم وێنەیەم گرتووە

حەمەعلی



# خوێندنەوەیەك بۆ ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وئێران

## پەیامێك بۆ میللەتی خۆمان لەرۆژهەڵاتی کوردستان

د. کامەران مەنتك
2022\9\26

چی لە ئێران دەگوزەرێت؟ ئەوەی ڕوودەدات ئایا شۆڕشێکەو سەرەتای ڕووخانی رژێمی ئێرانە، یاخود تەنیا فشارێکەو دەیانەوێت لەرێگەی شەقامەوە مل بەرژێمی ئێران کەچ بکەن وناچاری بکەن دەست بەرداری هەندێك شت بێت، چۆن ئەو تووڕەیی وراپەڕینە جەماوەرییە وەبەردەهێنرێت بۆ پێشخستنی کۆمەڵگەی ئێرانی بەگشتی وکۆمەڵگەی کوردی لە رۆژهەلات بە تایبەتی؟ ئایا ئەو ڕووداوانە دەبێتە هۆی ڕووخانی رژێمی ئێران؟


گومانی تیا نیە لە ئێران رۆژانە هەواڵی لە سێدارەدانی چەندین شۆڕشگێری کوردمان گوێ لێدەبێت، بە کورو کچەوە، ئێران لەبەرچاوی جیهان هاولاتیانی خۆی لە شەقام وشوێنە گشتییەکاندا بە پەتی قەنارە هەڵدەواسێت وکەسیش نقەی لێوە نایەت؟ بۆچی لەئێستادا مەسەلەی شەهیدبوونی ئافرەتێك لەزیندانەکانی ئێراندا ئەو تەقینەوە جەماوەرییەی لێدەکەوێتەوە؟

زۆر بابەت لەسەر ئەو ڕووداوانە نووسراوەو دەنوسرێت، بەڵام زۆرینەی هەرە زۆری ئەو نووسینانە تووڕەیی وکەف وکوڵ وهەستێکی نەتەوەیی ونیشتمانیەو نەکەوتۆتە چوارچێوەی بیرکردنەوەیەکی قووڵی ستراتیژیەوە، هەندێك راستی هەیە دەربارەی دۆخی ناوەخۆی ئێران کەس ناتوانێت نکوڵی لێبکات، بەرتەسکبوونەوەی ئازادیەکان، هەژارییەکی تاقەتپڕوکێن. کە خەریکە لە تواناى بەرگەگرتنی تاکی ئێرانی وتاکی کوردی دەردەچێت، نا دادپەروەری کۆمەڵایەتی، سیستەمێکی توتالیتالیری ئاینی، ... هتد ئەمانە دۆخێکن بە ئاسانی هەستیان پێدەکرێت ودەبینرێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو تەقینەوە جەماوەرییەی لەو وڵاتە هاتۆتە ئارا، بە ئاشکرا هەستیپێدەکرێت، کە زیاتر ڕەهەندێکی نێودەوڵەتی هەیە و پەیوەندی بە رۆڵی ئێران لە دارشتنەوەی سیستەمی جیهانی ومەسەلەی ئەتۆمی ئێرانەوە هەیە!.

بەر لەهەموو شتێك دەبێت بزانین ئێران هاوپەیمانێکی بەهێزی چین وروسیایەو رکابەرێکی سەرسەختی رۆژئاوایە، پێگەی جیۆستراتیژی ئێران هاوشێوەی پێگەی جیۆستراتیژی تورکیا بایەخی بۆ هەردوو بەرەی رکابەری جیهانی هەیە، بۆیە ئەو ڕووداوە زیاتر زەق کراوەتەوە ودەیانەوێت لەرێگەی شەقامەوە فشار بخەنە سەر رژێمی ئێران، وەك (جۆن پیرکنز) لە کتێبەکەیدا (بکوژی ئابووری) باس دەکات، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ئەوەی دەسەڵاتە سیاسیەکان ملکەچ بکات وبیانخاتە ژێر هەژموونی خۆیەوە، سێ رێگەی دەگرتە بەر، سەرەتا هەوڵدەدات لەرێگەی بەرتیل ودروستکردنی بەرژەوەندی تایبەتی سەرکردەکان وبەستنەوەیان بەخۆی، واتە لەرێگەی بڵاوکردنەوەی گەندەڵییەوە ملکەچیان بکات، ئەگەر ئەوەی بۆ نەچێتە سەر، ڕووناکی دەخاتە سەر کەموکوڕییەکانی دەسەڵاتی سیاسی وشەقامی لێدەوروژێنێت، دوا رێگەچارەشی، بەکارهێنانی هێزی سەربازییە وەك ئەوەی لەگەڵ رژێمەکەی (سەدام حوسێن) لە ئێراقدا کردی!.

کەواتە دەتوانین لەژێر رۆشنایی خاڵی دووەمی ئەو هەوڵانەدا خوێندنەوە بۆ ڕووداوەکانی ئێران بکەین، رۆژئاوا بەگشتی وئەمریکا بە تایبەتی دەیانەوێت فشاری زیاتر بخەنە سەر رژێمی ئێران، بەڵام ئایا ئەو فشارانە سەر دەگرێت؟ دەبێت میللەتی ئێمە لە رۆژهەڵاتی کوردستان باش لەوە تێبگات جیهان وناوچەکە بە هاوکێشەکی جیهانی ئێجگار ئاڵۆزو هەستیاردا تێدەپەڕێت، پێگەی جیۆپۆلەتیکی ئێران بایەخێکی ئێجگار گرنگی لەو هاوکێشەیەدا هەیە، بۆیە دەتوانرێت کێشەی بۆ دروست بکرێت، بەڵام لە قۆناغی ئێستادا کێشەکان ناتوانن لە قەبارەیەکی دیاریکراوو سنووردارەوە زیاتر گەشە بکەن، لە دروستکردن وگەورەبوونی هەرکێشەیەکیشدا قوربانی یەکەم، خاڵە لاوازەکانن، دیارە کوردیش یەکێکە لە خاڵە لاوازەکان دەبێت هوشیارانە مامەڵە بکات، بەرژەوەندیەکانی خۆی، بەپلەی یەکەمیش بەرژەوەندی مانەوە و پاراستنی خاکی کوردستان بخاتە پێشینەی هەموو شتێکەوە.

ئەو ململانێیەی لە ناوچەکە دەگوزەرێت لە تواناو ئامادەباشییەکانی کورد لەو قۆناغە دا زۆر گەورەترە، وەك چۆن کاتێك رۆژئاوا سزای ئابووری خستە سەر رووسیا، وەزیری دەرەوەی چین گوتی ئێمە رێگە نادەین ئابووری رووسیا دارمێت، بە هەمان شێوە رووسیاو چین رێگە نادەن ئابووری ئێران دارمێت، لەبەرئەوەی بەرژەوەندی ستراتیژی زۆر گەورەیان لە ئێراندا هەیە، ئێران لە هەردوو پرۆژەی ئۆراسیای روسی وچینیدا پێگەیەکی گرنگ داگیر دەکات،



بە بێ ئێران پرۆژەی رێگەی ئاوریشمی چینی بایەخێکی گرنگی لە دەست دەدات، هاوکات بە بێ هاوپەیمانیەتی ئێرانی، رووسەکانیش ناتوانن پرۆژەی ئۆراسیای خۆیان، کە لەخاڵیکدا ولە سنوورەکانی خوارەوەیدا بەندە لەسەر هاوپەیمانی کریستیانی کاسۆلیکی وئیسلامی شیعەگەرایی ئێرانی، بەرەو سەرکەوتن بەرن، هاوکات ئێران گۆشەیەکی گرنگە لە هاوپەیمانی رانەگەیەنراوی سێلایەنەی روسی - تورکی - ئێرانی، کە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی هەژموونی رۆژئاواو ئەمریکا بۆ تەوە. بۆیە هەرگیز ناتوانێت دەست بەرداری ئێران بێت، ئەمە جگە لەوەی لەرووی جیۆستراتیژییەوە ئێران بایەخێکی گرنگی بۆ ئەو پرۆژەیەی روسیاو چین هەیەو بە بەهای سەدان ملیار دۆلار گرێبەستی ئابوری لەنێوان ئەو لایەنانەدا هەیەو ئەو دەروازەیەشە، کە روسیا بە ئاوەگەرمەکان وناوچە ستراتیژیەکانی کەنداو دەبەستێتەوە، بۆیە دۆخی سیاسی وجیۆستراتیژی ئێران لە ئێستادا لە قۆناغێدا نیە لەرێگەی نارەزایەتی جەماوەرییەوە بڕوخێت وهاوکێشە جیهانییەکان، بەتایبەتیش ئەوانەی نوێنەرایەتی ئاسیا ورۆژهەڵات دەکەن وەك ئاماژەی پێکرا بە ئاسانی دەست بەرداری رژێمی ئێران نا بن، خەڵکی ئێمە لە رۆژهەڵاتی وڵات دەبێت درك بە قووڵایی ئەو گۆڕانکارییە مەترسیدارانە بکات ورێگە نەدات چیتر بکرێتە سەرە رم ودواتریش لە چرکە ساتە هەستیارەکاندا بە تەنیا لە گۆڕەپانەکە جێبهێڵرێت، دەبێت ریالیستانە بیر بکاتەو نەکەوێتە ژێر کاریگەری هەست وسۆزو کەف وکوڵی ناسیونالیستی فریودەر وئەو بارە ئابووریە گرانەی کەوتۆتە سەرشانی تواناى بیرکردنەوەی ستراتیژی لێنەسەنێتەوە، کە ئێستا لە هەموو لایەکەوە جەخت لەسەر ئەو رەهەندانە دەکرێتەوە دەیانەوێت لەو خاڵەدا یاری بە ئیرادەی تاکی کوردی لە رۆژهەڵاتی وڵات بکەن، دەبێت ئەو راستییەیان لەبەرچاو بێت تا ئێستا سەلامەتترین پارچەی کوردستان، کە توانیویەتی دیمۆگرافیاو خاك وکەلتوورو زمان وهونەرو ئەدەبی رەسەنی کوردی بپارێزێت ئەو بەشەی کوردستانە، ناکرێت بە ئاسانی دەست بەرداری بێت وپاساو بداتە دەست رژێمی ئێران، بۆئەوەی شان بە شانی تورکیا دەست بکات بە راگوێزانی ناوچەکانی سنوورو دروستکردنی پشتێنەی ئارام وگۆڕینی دیمۆگرافیای ئەو ناوچانە بکات، دەبێت بەشێوەیەکی ئاوەزمەندانە مامەڵە لەگەڵ ئەو تووڕەییە جەماوەرییە بکرێت، وا باشترە ئەو تورەییە لە چوارچێوەی پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی، سیاسی ئاشتیخوازانە بمێنیتەوە وبرەو بەخەباتی مەدەنیان بدرێت، بۆئەوەی بتوانرێت لەو ملانێیەدا گەورەترین دەستکەوتی سیاسی بەدەست بهێنرێت، پەنابردنە بەر هێزی سەربازی بەکارهێنانی توندو تیژی لەو خۆپیشاندانە، هەرگیز خزمەتی بەرژەوەندییەکانی کورد ناکات، چونکە نەهێزێکی رێکخراوی هەیە بتوانێت لەو گەمە ترسناکەدا بەرگری لێبکات، نەچەکێکی واشی لەبەردەست دایە، بتوانێت بوونی خۆی بپارێزێت!.

# مێژوی دوانزە سوارەی مەریوان

## یەکگرتنمان سەرکەوتنمانە

فوئاد مەحمود بابان

زۆرکەس ڕوداوەکەی دوانزە سوارەی مەریوان
بە ( اسطورە ) دادەنێن گوایە چۆن بەدوانزە سوار لەشکرێکی گەورەی دوانزە هەزار کەسی دەشکێنن ؟
بۆیە ڕونکردنەوەی ئەم چمکە شاراوەیەی مێژوی میلەتەکەمان شتێکی نەک هەربەسودە بەڵکو پیویستیشە .
حوسەین ناظم بەگ دەفەرموێت :
ئەم کارەساتە لەمەریوان ڕوی داوە کە ئەو دوانزە سوارەیە سوپای سەلیم بەگیان شکاندوە
وەبەسەریاندا سەرکەوتون .
١-- مێجەر لۆنگریک ( چوار سەدەی ئەم دواییە لەمێژوی عێراق ) دا دەڵێت ::
ئەم کارەساتە لەکاتی فەرمان ڕەوایی ( سلێمان بەبەی کوڕی ماوەند کوڕی فەقێ ئەحمەدی دارەشومانە ) دا ڕوی داوە واتە لەساڵی
( ١٠٨٨ ک / ١٦٧٧ ز ) ڕوی داوە .
٢ -- میستەر ڕیچ
هەر لەم ڕووە وە دەڵێت ::
شوێنی ڕوداوەکە نزیک بە ( ئەحمەد ماکوان ) لەبەینی پینجوێن و مەریواندا بوە ئەویش وەک
( لۆنگریک ) دەڵێت لەکاتی فەرمان ڕەوایی
( سلێمان بەبە ) دا بوە کەبڕوای وایە لەبەینی ساڵانی ( ١٠٧٧ ز /١٠٩٢ ک ) ( ١٦٦٦ ک -- ١٦٨١ز) حوکمی کردوە .
٣-- ئەمین زەکی بەگ :: دەفەرموێ
دوای ئەوەی سەلیم پاشای بابان لەیەکێک لەشەڕەکانی دا لەگەڵ هێزی والیی بەغا -- کەئەوکاتە سلێمان پاشاوالی عوسمانلی بوە لەساڵی ( ١١٦٧ ک / ١٧٥٣ ز ) دا شکا ، خۆیو پیاوەکانی ڕویان کردە ئێران سلێمان پاشای کوڕی خالید پاشا لەقەڵا چوالان لەشوێنەکەی دانراو دانیشت .
سەلیم بەگ دوای ئەوەی دوساڵ بەئێراندا سوڕایەوە کەس دەستی یارمەتی بۆدرێژ نەکرد
گوایا ( کریم خانی زەند ) سوپایەکی ( دوانزە هەزار کەسی ) بۆ ڕێک خستووەو ناردویەتی بۆسەر وڵاتی بابان بەڵام لە ئەنجامدا هیچی دەست گیر نەبو .
٤-- تۆفیق قەفتان خوالێی خۆشبێت
لەباسی هاتنی سوپای ( کەریم خانی زەندا ) دەفەرموێت :: ئەم لەشکرە بەنەهێنیو بێدەنگ هات تاگەیشتە ناوچەی مەریوان .
لەبەرئەوەی هاتنە کەیان کوتو پڕبو ، بۆیە حکومەتی بابان لەسەرەتاوە ئاگادار نەبو بەڵام هەر کەهێزەکە گەیشتە مەریوان .
سەرداری ( قزڵجە ) خێرا قەڵاچوالانی ئاگادارکرد .
سلێمان پاشا وا ڕاهاتبو نیوەڕوان دەنوست ، وارویدا لەوکاتەدا بو کە تەتەر ( هەواڵ بەر یا نامەبەر ) گەیشتە قەڵاچوالان ، سەرۆکەکانی بابان لێکیان دایەوە بەم دەستو بردە هێزێکی
وەهایان بۆ کۆناکرێتەوە کەبەرەنگاریی ئەم سوپا گەورەیەی ئێرانی پێ بکەن دوا خستنی کۆکردنەوەشی کارێکی پڕ مەترسی بوو ، کەسیش زاتی ئەوەی نەبو میر سلێمان لە خەو هەڵسێنێ !!
دوژمنیش هەموی دەسەعات ڕێ لەقەڵاچوالانەوە دوورە .
ئەمانیش بەتەنیا بەبێ ڕاوێژی سلێمان پاشا هیچیان بۆنەدەکرا بۆیە تەواو شپرزە بو بون
ناچار میر سلێمان خەبەر دەکەنەوە ، تێشی دەگەێنن کەدوژمن گەیشتۆتە سنوری ( قەڵا چوالان ) سەرۆکەکانی بابان چاوەڕوانی فەرمانن .
پاشا ڕقی هەڵدەسێو بەو کەسەی کە خەبەری دەکاتەوە دەڵێت :
گەورەکانی بابان چاوەڕوانی من بۆ دەکەن ؟
قارەمانانی بابان لەمە غیرەت دەیان گرێت





(فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە)
(1610_1663)

ئەوانەی بەدوانزە سوارەی مەریوان ناوبانگیان دەرکردبو هەریەکەی بەخزمەت کارێکەوە بەرەو ئۆردوی دوژمن کەوتنەڕێ
.
دوای ئەوە تۆفیق قەفتان ئەفەرموێ :
هەر ئەم گیانەبو وای لێکردن هەتا ئێوارە ئەوڕۆژە شەست کیلۆ مەتر ببڕن و ئێوارە وەختە بگەنە نزیک ئۆردوگای دوژمن .
پیلانی هێرشەکەیان وەها دانابو .
کەهەر دەستەیەکیان لەلایەکەوە پەلاماری دوژمن بدەن ، بۆ ئەوە لەهەرچوار لاوە ، هێرشەکە دوا خەن
دەبێ دو بەشی شەو بڕوات ،بەمەرجێک لەکاتی هێرش دا هەرکەسە لەڕاستی خۆی دەنگ بەناوی خواوە بەرز دەکاتەوە ، پیادە کانیشیان
هەرکەسە لەجێگای خۆیەوە لە (تەپڵ )لێدان نەوەستان بۆ ئەوەی دوژمن وابزانێ کەلە هەمو لایەکەوە بەسوپایەکی گەورە پەلامار دراوە .
ئیتر لەکاتو ساتی خۆیدا لەهەمو لایەکەوە پەلاماری دوژمن دە دەن .
بەجۆرێک کەوتبونە کوشتنو برین ، لەوەدەچو سوپایەکی بێ شومار پەلاماری دابن ،سوپای ئێران کەلەخەوی شیریندا بون تەواو شپرزە بون.
لە قارەمانانی بابان نۆ کەس شەهید بون
ئەمەش ناوی دوانزە سوارەکەیە کەبەشداربون لە شکاندنی سوپای گەورەی ئێران شەڕەکە لە ئەحمەد ماکوان ڕوی دا لەبەینی پێجوێن و مەریوان دا



-- سەلیم بەگ ( سەلیم سێ تەنگە ) بابان
٢-- ئەکرەمی مەلا هەمزە ( ئەکرەم ئەوغانی )
٣-- جوامێراغای ڕەنگێنە
٤-- سوارا غای بڵباس
٥-- زوڵاڵ ئەحمەد ئاغا
٦ -- محەمەد بەگی مەرگەیی
٧-- مەحمود بەگی باش چاوەش
٨--ئەحمەد بەگی دارۆغا
٩-- بریندار اغا
١٠ -- دارا غای میراو دەلی
١١ -- میران بەگی وەلەد بەگ
١٢ -- حەمە ڕەشی دارۆغا

سڵێمان پاشاش خۆی لەگەڵ هێز دەڕوات کەدەگاتە ( قزڵجە ) لەوێ ئاگاداری دەکەن کەچۆن ئەو دوانزە قارەمانە دوانزە هەزار نەفەری سوپای ئێرانیان شکاندوە .
چەکی ئەو کاتە زیاتر ( شمشێر ) و ( قەرە بینا ) بوە .

بۆیە ئەڵێم پێویستە هەمو بابان بنەماڵەمان بەگیانێکی لەخۆبوردەیی کار بکەین دور لە بوغزو کینە دور بکەوینەوە لە خۆ بەزل زانین وەخۆ فەرز کردن بەسەر خزمان دا تەفرەقە دروست نەکەین خوای گەورە فەزڵی کەسی نەداوە بەسەر کەسدا دورکەوینەوە لە گومانی خراپ بەرامبەر یەکتری نەبینە هۆی تەفرەقەو دورکەوتنەوە لەیەکتری .

سەربەرزوسەلامەت بن






**یادنامەYADNAME**

بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنیە، مانگی جارێ بە کۆمەڵێ یاداشت و بیرەوەری و بابەتی جۆراوجۆری مێژویی و ئەدەبییەوە بە شێوەی ئەلکترۆنی لە ماڵپەڕە کوردیەکان بڵاو ئەکرێتەوە و سەرجەم کارەکانیشی لەلایەن: "سەرکەوت محەمەد فەتاح (سەرکەوتی جیهاز) بەهاوکاری بەختیار شارەزووری لە هۆڵەندا سەرپەرشتی ئەکرێ.

Email :sarkawt_47@hotmail.com

Viber& WhatsApp: +31615852703

